


xurmaly@yahoo.de

ئیسماعیل خورماڵی

(1)

## قەدەر

وتنی:ئەژدەر وەهبی

کوا بێستانی پڕ شەمامەی وەرزی عیشق ، عیشق کوانێ
کوا بەرامەی پڕ لەعەتری دەمی عیشق ، عیشق کوانێ

چیدی گوڵم ،من ئاوێنەی ئەم بەهارە ، نانێمە ڕوو
وەکو سێوی بەر کرێوە ، زوو هەڵوەرین ناکەمە خوو

هەرچەند ئێستە لەتەڵانی غوربەتێکدا تەواو تەنیام
وەکو سایەی نازەنینێ کە خەم بیگرێ چەشنی دەریام

تەماشا – با – سوژدەبەری لەشی ڕووتی ، چ گوڵێکە
وەکو عومری عیرفانی دڵ ، وێرانی دەس ، چ دڵێکە

من قەدەرم دەبوو وابێ ، فریشتەیەك ڕام نەژەنێ
وەك هەرێزی کانیلەیەك ، چاو کانیەك ڕام نەژەنێ

دەبوو ون بێ سەری شووشەی بەختەوەری ئەم دڵەی من
وەکو شوعلە لە دووکەڵدا ، نەیدۆزنەوە ئەم گوڵەی من

( 2 )

ئەوا دیسان

وتنی :نەجمەدینی غوڵامی

ئەوا دیسان هەرای جەنگە  و کوردوستانم ڕوو لە خوێنە
دیسان خوێنە و دڵەی سروشت دڵەی مەخلوق ڕوو لە خوێنە
ئامان قەدەر چاوم نەزری ، نیشتمان بێ و گوڵێك نەمرێ
سەرم نەزری  ئازادی بێ  و ، دڵێك  لەوێ  دانەچڵەکێ
دەسا کوڕگەل ، عاشقە گەلی کەژ و زەنوێر ورەتان بێ
ئێوە شاخی ورە و هەڵوێست شورای بەرزی ورەتان بێ
با دووبارە گەواڵەی خوێن هەردەی ژیان نەگرێتە کۆڵ
گەردەلولێ لە زوڵم و زۆر ،چاوی دڵمان نەگرێتە خۆڵ
با دووبارە قرشی سەحرا ماسییە دێمان ئەنفال نەکا
لەبەر دێیا لولەی تفەنگ دووایین گوڵەی بەتاڵ نەکا
ڕێگە نەدەن هەرێمی گوڵ ، بە هەرێمی خوێناو بەرن
قاسپە و دەنگی ڕۆژنامەکان بە تەڵانی سوتاو بەرن
ڕێگە نەدەن ئەرخەوانی خەونی شەهید تەرزە بیبا
ئاسودەگی ئینسانەکان ، جارێکی تر گومان بیبا
دەسم دامێن وەخۆکەون ، با هیچ مارێ نەتانگەزێ
هەر هەمووما لەگەڵتانین ورەتان هیچ دانەبەزێ

(3)

## عیشق نەبێ

وتنی :کەمال محەمەد

ئەی بارانی بەختەوەریم بەخوڕ داکە بابتبینم
کزە و کسپەی ئێوارانم ، بەتاو وەرە بابتبینم

هێن لەمێژە لەیەك دورین وەختە دڵم بێ بەئاو
بۆمن سەختە ئەم غوربەتە وەکو ماسی لەئاو بڕاو

منێك جاران بەیانیەك ، لەسێبەرتا نەبوومایە
وەکو هێرۆی نزاری شین ، پێکەنینم نەگرتایە

دەبوو وەکو بەفر بەدیار خونچەوە من چرۆ بگرم
لەتاو پایز وەکو پشکۆ سەحەر تا شەو ئێشك بگرم

ئیدی ئێستە چۆن نابرژێم ئەم فیرقەتە چۆن نامکوژێ
وەکو گێلاس لەکۆشی ژین ، ئەم ئازارە چۆن نامرێژێ

من ڕۆشنایی کانیەکم ، عیشق نەبێ قەوزە دەمخوا
ڕەز و ترێ ی وڵاتێکم ، عیشق نەبێ ئاگر دەمخوا

( 4 )

## کوردستان

شیعری :ئیسماعیل خورماڵیَ

وتنی :زەکەریا عەبدولاَ

گوێت بێ بەکێل و قەبری شەهیدەوە هاوار دەکا
گوێت بێ بەدڵ و سینەی چیاتەوە هاوار دەکا
هەر هەموومان لەسەنگەری پێشەوەداین ئەی کوردستان
لەڕێ ی تۆدا هەر لەڕیزی پێشەوەداین ئەی کوردستان
بوونی ئێمە بوونی تۆیە و بوونی ئێوەش بوونی ئێمە
ژیانی تۆ ئازادی تۆ ، یەکسانە بەمەرگی ئێمە
چۆن دەنەوێ کە بابان ، و بادینانت لەگەڵتایە
دار و بەردی گەرمیان و هەولێرەکەت لەگەڵتایە
چۆن دەنەوێ کە عەفرین و مهابادت لەگەڵتایە
خەڵك و هۆزی لای قامیشلی و ماردینەکەت لەگەڵتایە
سوێن بەنەورۆز بەڕاپەڕین سوێن بەمێژووی سەدان ساڵە
بەڕووباری کۆچ و ، خوێنا و ، بەئازادی سەدان ساڵە
لەیاد ناچی ئەی کوردستان هەمیشە تۆ لەدڵمانایی
وەك هەناسە لەگەرودا هەمیشە تۆ لەبوونمانایی
خەم نەتگرێ لێ ناگەڕێن ئەم بەهارەت بسوتێنن
جارێکی تر ، دلیَ سەدان دایکی شەهید ببرژێنن
سەرهەڵبرە وڕەشەبای خەنجەری کورد دنیایی تەنی
پێشمەرگەی تۆ هەروەك هەڵۆ دوا سنوری دنیایی تەنی
ئیتر بڵێ ئەی کوردستان دەس تێوەردان چۆن زات دەکا
دەم و لێوی پێکەنین و ، ژیانی تۆ ، قوفڵ

( 5 )

## یاران

وتنی :زەکەریا عەبدولاَ

لەژێر زەردە و نووری مەغریبدا دەگریم دیسان
لەناو بەفری بەرەبەیاندا ، دەگریم دیسان
من دەگریم و دەزانم ئەو چەند پیرۆزە
بۆ خەمی من باوەشی ئەو چەند بەسۆزە
ئیتر یاران لێم گەڕێن با ئەمشەو شینی عومرێ بکەم
بۆ ئەو سۆزە مانگی قەڵەم ، چرۆی وشە بەرێ بکەم
ئەمشەو جەژنی شیعرە بەد مەستی منە یاران
شەوی بەختە و ڕەهێڵەی عەشقە ئەمشەو یاران
تۆ تەماشا ، کچانی شار بەچرپەوە
بەقریوەی ، هەزار نازی سەرەڕێوە
چۆن وەکو مەل پۆلا و پۆلی سەرچنارن دێن و دەچن
قەتاری گوڵ چەمی ڕەنگن چرۆی سەوزن دێن و دەچن

(6)

## هان

وتنی :بورهان مەجید

ماڵ وێران خۆم سەرنج وەری ئاوی چاوم وشکایی هات
سەری کاسم چاوەڕوانی کۆشی تۆ بوو ئەی بۆچی نەهات

بۆچی نایەت خۆ بڕیار بوو بن ئەم دارە جێ ژووان بێ
وەکو ڕۆژان گەڵای وەریو لەتەرزەی ماچ هەراسان بێ

ئەی ئەمێستا هەوارت کوا هەوری سەوزی ئەم دڵەی من
خۆ بەبێ تۆ لێڵە چاوم وشکە کێڵگەی ئەم دڵەی من

ئەی ئەمێستا کە تۆ ونی دەستی هانا بۆ کێ بەرم
لەڕەهێڵەی ئەم غوربەتا چی بکەمە چەتری سەرم

هۆ دەریاچەی ئەوینی من لەهەر کوێ هەی دەنگ هەڵبڕە
بەدڵی کام بیابانا ڕۆیشتی سەر هەڵبڕە

سەر هەڵبڕە و گۆمی سووری چاوەڕوانیم بهەژێنە
سەر هەڵبڕە و ماسی ڕۆحم لەم زۆنگاوە دەربهێنە

(7)

## ڕەوەز

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

من ڕەوەزی دابانێکم ، هیچ بورکانێ نامسووتێنێ
حیلەی ئەسپی شۆڕشێکم ، قەدەر مێژووم ناگلێنێ
دەمم کڵپەی ڕاپەڕین و ، هەنگاویشم وەرزی پێ شەنگ
دڵم ڕاوگەی ژانی گەل و ، سەرم ژووانی وریایی و زەنگ
با ئەنفالیش زەریای تورە ، من قەیاغم نوقم نابێ
با کۆڕەویش ڕەوی زەمان ، من بەیداغم نەوی نابێ
دە ئەی سەرۆك ئەی ڕابەران خەمی گەلمان بێ شێوەیە
پیرە کەرکەك لەبیر مەکەن ئەویش هیوای هەر ئێوەیە
نوکی قەڵەم لەسەر پەڕەی داخوازیتان داچەقێنن
لەسەر بستێ لە کوردستان ، ڕامەمێنن دامەمێنن
لەبەر تافی بێ دەنگیا ، تافی خوێنتان لەبەرچاو بێ
گۆڕی کومەڵ دوا زریکەی ئەو هۆزەتان هەر لە گوێ بێ
دەخیلتان بم لە بەهاری ، ڕاپرسیدا دەنگتان هەبێ
لەپێشانگای ئەم هەلەدا ، ئێوە چەمێ ڕەنگتان هەبێ
با نێرگزی ئەم نەورۆزەش ، گردی یارە شین کاتەوە
تا ڕۆژێ دێ ژیان گرەو ، لە مردنیش دەباتەوە

( 8 )

## چرۆ

وتنی :هوشیار حەمە فرەج

پەڵەی دووری ڕێژنەی مەرگ ئەبارێنێ چرۆ
من دەزانم دەستی پایز دەموەرێنێ چرۆ

نامورادنیم غوربەت بەمن گیای بەرپێ یە گوڵم
خۆڵەمێشم عەشقێکی تر دەسوتێنێ چرۆ

من قوربانی هەر نمەیەك ئەشکی تۆبم چرۆ
کە سێبەری برژانگی شین دەکەن بەئاو چرۆ

دڵ بەسایەی خونچەی دەم و لەرەی ڕێت بێ گوڵم
کە ئاوازە بۆ گۆرانی سایەی شەوت چرۆ

گەر وەك لالە من هەناسەم بۆت نەسوتێ چرۆ
گوڵی شیعرم وەکو سێبەر هەڵنەتووتێ چرۆ

ئیتر خوڕەی چەمی جوانیم لەکوێدایە گوڵم
ئەگەر جەستەم وەك سنەوبەر بەگڕ نەچێ چرۆ

( 9 )

## مەیلی وڵات

وتنی :پەیمان عومەر

چەند ڕۆژێکە ، دڵم مەیلی ئێوارانی وڵات دەکا
چاوم مەیلی سەرچنار و شنە و ئاوی وڵات دەکا
چۆن بیر دەچن بادەی ئەوێ و ، چپە و ڕازی دڵدارانی
گەڵای زەردی پیرە دار و ، کوانووی گەرمی دڵدارانی
خۆزگە دەکرا لەسەر باڵی ، گۆرانیەك دەهاتمەوە
لەشەقاما ، لەکۆڵانا ، وەك مناڵی دەخولامەوە
ئەی نیشتمان قەزای بەفری ، کۆێستانەکەت لەئێرە خەم
قەزای هۆبەی گەرمیانەکەت ، سەد هەزار جار لەئێرە خەم
چۆلەکەی سەر هەر چڵێکت ، سەد کەناری ئێرە دێنێ
شەرم و بزەی هەر شۆخێکت ، سەد فریشتەی ئێرە دێنێ
ئەی نیشتمان ئێمە بێ تۆ ، ڕوبارێکین ، ڕۆخمان کوژراو
ئێمە لێرە ، ئێمە بێ تۆ ، بەهارێکین ، گوڵمان کوژراو
ئەی کوردستان دۆزەخیش بی ، هەر بەهەشتی ئێمەی بەخوا
خوێنمان بۆ تۆ ، دڵمان بۆ تۆ ، تۆ بەهەشتی ئێمەی بەخوا

( 10 )

## خەیاڵ

وتنی :هوشیار حەمە فرەج

ساقی دەخیلتم پیاڵەکەم پڕکە
لەڕێ ی مەیخانە لەمەی تێرم کە
با ئەمشەو پیاڵەی خاڵی نەبینم
پەلکە زێڕینەی خەیاڵ بفرێنم
تاوێ بچمەوە دییەنی وڵات
ئێوارەی ئەوێ و عەشقی وەك نەبات
دەسا ئەی یاران جەم بن ڕەفیقان
با زرەی پێکمان بگاتە بەیان
پیاڵەتان لێك بەن خۆش مەستی بێنن
بەڕۆح بەهاری خەیاڵێ بێنن
خەیاڵێك وەرزی بزە و سۆما بێ
پرتەقاڵی خۆر لەناو چەما بێ
با مەزەشمان هەر لیمۆی عەشق بێ
جار جار ئاواز و گوڵە شیعر بێ

( 11 )

## بۆچیمە خوێن

وتنی :دانا غەنی

که کۆترێ دەبێ بەژێر بارانەوە و خەم دەنۆشێ
من لێرەوە وەك بەردی چەم ، قەوزە دڵم دادەپۆشێ
گەرچی وەك خۆر ، ژێر سەرینی ، ئەو هەورانەش دەکەم بەگوڵ
ڕێگە نادەم کەس گلێنەی ، درەختێکم پڕکا لە گڵ
هەتا من بم دەبێ سایەی ، ئەم دیوارەی کەماڵمانە
نغرۆ بێ لەسیحری جوانی ، ئەم ئاسمانەی کەماڵمانە
وەك ڕیحانە دەس دەنێمە ، دەستی عەتر بۆچیمە خوێن
وەکو شیعر دەم دەنێمە ، دەمی ئاواز بۆچیمە خوێن
نە زێوان و نە تابووت و ، نە گوللەی خۆ کوژم دەوێ
وەکو شەونم ، تابمێنم ، من هەر دەمی خونچەم دەوێ

## مەم

وتنی :نەجمەدینی غوڵامی

جووتە سێوێ گەنم ڕەنگێ لەناو ماڵی کاڵە ڕەنگێ
وەك هەسارە خەندەیان بوو لەدەرماڵی کاڵە ڕەنگێ
لەگەڵ چووندا هەڵدەفڕین و زەردەی بەرۆك ئەیدانە کۆش
بەو فڕینە عەینی بادە ، هەزاران ڕۆح دەبوون سەرخۆش
مەم چ مەمێ ، نارنج چنگێ لەناو گەڵای تەختی سینە
لیمۆی جوانی ، سێوی ڕۆشن لەناو لاسك و تەرزی سینە
تازە بۆڵی شیر و ئاگر ، پیاڵەی لێوان لەئارەزوو
ئەوەی من دیم مەخلوقێ بوو هەر بەجنسی مەلەك دەچوو
وەختی بزە ڕوومەتی چاڵ نیگای شیرین هەر لەو دەهات
هەرکەس وەك من وای بدیبا دەیوت گوڵە و گوڵی نەبات
ئەو ماڵێ بوو لەشیرینی ، لەهەرێمی باسوق دەژیا
هەر لەخۆی جوان چاوگێڕانی سێبەری چاو بەڕەنگی گیا
عەینی ( تاووس ) کەمێ گۆشتن لەناو هاژە و چرۆی ڕەنگا
بەڕوو پەری و بەلەش ماسی لەناو چەمی جل و بەرگا
بەرۆك بەرز و دییە سەوز و ڕوومەت سێوی تازە بەهار
ئەوەی من دیم بارانێ بوو جارێکی تر نایەتە خوار

( 13 )

کانی سروود

وتنی :شەهێن تاڵەبانی

دەبخوێنە ئەی بولبولی هیجری ڕۆحم ، لەغوربەتا
وادەی شینە و تۆش نۆبەتە ئادەی سۆزێ بەغوربەتا
بەڵام سۆزێ گەڵا و گوڵی کوردستانم بەشین بێنێ
وەك هەتاوی گەرمی هاوین چاوی خاکم بەتین بێنێ
لەڕۆژێکی وا خومارا گەر نەخوێنم ، لەئێوە نیم
نزیك لە کۆست ، پایزی خاك ، دامنەپۆشێ لەئێوە نیم
لەئێوە نیم گەر کۆرپەیەك ، تاو و شەستەم لێ نەهێنێ
ئاوارەی ژێر دەواری شڕ ، هەزار بەستەم پێ نەهێنێ
ئەگەر سەرم وەك سەری شاخ ،ماڵی گەرمی شۆرش نەبێ
ئەگەر ناوم وەکو کەرکوك ، بەسەر خاکا بەجۆش نەبێ
ئەگەر چاوم وەك چاوی باز ، نێچیر لەپاڵ دەرنەهێنێ
ئەگەر گەرووم وەکو کەرکوك ، ئاگر لەچاڵ دەرنەهێنێ
لەئێوە نیم گەر لەگەڵتان ، ئاسنی سوور دامنەبێژێ
لەئێوە نیم ئەگەر خوێنم ، ڕێ ی شەهادەت دانەڕێژێ

( 14 )

## دوواین نیگا

وتنی :پەیمان عومەر

وەکو شەونم لەناو گوڵا سەرخەوێ بە توخوا دایە
وەکو باران لەمەغریبا ، هەناسەبە توخوا دایە

خەون وماڵی چۆلەکەی دڵ مەشێوێنە هێشتا زوو وە
گوڵ و خونچەی باخچەکەی دڵ مەوەرێنە هێشتا زوو وە

نەها کەنگێ کاتی مەرگ و زەردەپەڕی پێکەنینە
کەنگێ وەرزی قرچەی سۆز و خەزەڵوەری بزە و ژینە

توخوا دایە دڵ کوا بەرگەی دابڕانت دەگرێ مەڕۆ
دڵ کوا بەرگەی ماڵی چۆڵ و خوڕەمی چاو دەگرێ مەڕۆ

دڵ قوربانی ڕیحانەکەی ژێر چەنەت بێ ئاوا مەبە
ڕۆح قوربانی سەرو قژی پایزەت بێ ئاوا مەبە

وەکو شەونم لەناو گوڵا سەرخەوێ بە توخوا دایە
هەر کەدەشرۆی وەکو باران هەناسەبە توخوا دایە

( 15 )

## ڕەشبەڵەکی ئازادی

وتنی :نەجمەدینی غوڵامی

کەبەهار دێ بەبەرۆکی خاك بەمەمکی گوڵ شل دەوەستێ
لەبەر ئاونگ کەمەری گیا چاوی چرۆ شل دەوەستێ
باڵی هاژەی ئازادی چەم پتر باڵی فڕین دەگرێ
ڕەزی تازەی هەورامانم پتر هێشووی ئومێد دەگرێ
سوێن بەم ڕۆژەی غەریبی دڵ لەهەر کوێ بم نەورۆز دەکەم
وەك بولبولان بەسەد ئاواز من ئەم جەژنە پیرۆز دەکەم
بەگەروی گوڵ دەچریکێنم خۆش هاتی ئەی وەرزی نەجات
ڕما کۆشکی خوێن خانەکەی فیرعەونەکەی دەمی خەبات
ئۆخەی ئەمڕۆ بۆنی ئەنفال بوو بەبۆنی سەربەخۆیی
لەگەڵ گوڵدا جریوە هات چوو پایزی سەرەڕۆیی
نەما ڕۆیی دوکەڵی ناو پیرە شاری بابە گوڕگوڕ
کشا هەوری پیر لەداخی خانەقینی بڵێسە و گڕ
دەسا یاران لەجێگەی من لەوێ دەستی بەهار بگرن
ڕەشبەڵەکی ئازادییە و دەوری حوجرەی ژیار بگرن
لەبەر سەرای سلێمانی و لەبەر قەڵای پیرە شارا
وەك چەمی ڕەنگ بڕژێنە یەك سەری حەسرەت کەن بەدارا
سوێن بەجەژنی ئازادی گەل بەمناڵی پێخاوسم
لەهەر کوێ بم بۆ ئێوەیە من بە خوێنی گوڵ دەنوسم

( 16 )

## دڵەکان

وتنی :کەمال محەمەد

دڵەکان تاکەی تاکەی خەمی ڕۆژگار بنۆشن
گوڵەکان تاکەی تاکەی ڕەنگی پایز هەڵمژن
چاوەکان بۆچی بۆچی نوقمی ئەشك و گریان بن
وەك درەختی زستانان توڕە و یاخی زریان بن
بۆ نەبیستین قریوەی بەختەوەری ناو ژیان
وەك بارانی ئێوارە لەئاو بنێ دڵ و گیان
وەرە گوڵم باسۆزێ بۆ ئەم شیعرە پەیداکەین
لەم چۆڵەوانی ڕۆحەدا ، گۆرانی یەك پەیداکەین

( 17 )

## هەڵەبجە

وتنی :هوشیار حەمە فرەج

گەرچی مێژووم وەکو پۆرێ ، شەڵاڵی ناو بەفر و خوێنە
بەڵام هێشتا هەر جریوەم ، چەشنی نەغمە بەبزوێنە

هەزار هێندە باخی گوندم ، هەڵپاچن هەر سەوزە باخم
خوێن لە چاوی دڵم بێنن ، بە( کوێری )یش هەر ڕوونە ناخم

هەتا چاوی گوڵشەنم بێ ، بزەی دەشتم ئاوەدانە
هەتا ئاوی چەمانم بێ ، زنە و کانیم ئاوەدانە

هەتا ملەی شاخانم بێ ، خەمی شورایی شارم نی یە
هەتا سەنگەر ژووانم بێ ، خەمی ماڵی تارم نی یە

شارەزووریش کەن بەخەڵوز ، گوڵستانە هەر هەڵەبجە
ئەو دیوانی کێوی شیعر ، گوڵستانە هەر هەڵەبجە

( 18 )

سەما

وتنی :نەجمەدینی غوڵامی

به ساماڵی تەنگەی شلدا ، کۆترێ لەسەما دەفڕێ
بەو سەمایە ئەی شەکرە کچ ، دڵم باخێ لەگوڵ دەگرێ
خۆ بەلەرەی تازە لیمۆی ، باخی سەرسنگ ڕۆحم دەفڕێ
دەبم بەدار لیمۆی شیعر ، بەچوار لادا قەڵەم دەفڕێ
چۆن هەڵنەفڕێ گوڵەخاتوون ، هەر گوڵێکت سەد بەهارە
هەر زەردەیەك لەتاقی لێو ، وەك هەڵالەی تازە دارە
هەموو گیانت بە گوڵ بگرم ، لەپاداشتی جوانیت کەمە
هەموو گیانت لەعەتر نێم ، لەپاداشتی بۆنت کەمە
لەسپیدەی خۆت بڕوانە ، حاڵی دەبی چ شیرینی
وەك وەنەوشە بۆ هەوێنی ، شیعر و ئەوین چ شیرینی
هەر نێرگزە و بۆ نازی ڕێ ، سەری سپی نەوی دەکا
هەر ڕوبارە و بۆ هاژەی سنگ ، سەری شینی نەوی دەکا
ئیتر من چۆن ئەی سێوە کچ ، لەبەردەمتا بەلاڵ نایەم
جەرگ و دڵم بەکون ناچێ و ، بەسەر بوردەی شمشاڵ نایەم
وەرە ئەی یار کەمەرە شل ، بەفووی عیشق بمژەنە تۆ
پیاڵەیەکم لەبادەی تۆ ، ئەگەر دەکرێ مەمڕێژە تۆ

( 19 )

پیری خاك

وتنی :چۆپی فەتاح

من دارێکی تازە هەڵچووم بنارەکەم کوردستانە
بێچووە مەوجی ڕووبارێکم سەرچاوەکەم کوردستانە

ئەو لەچاوی مندا دەنوێ و من لە چاوی ئەودا دەنووم
ئیتر یاران دوورە یادی ئەو وولاتە من چۆن دەنووم

کە ئەو چەشنی چڵی برژانگ بەری دییەم لێ چۆڵ نەکا
کۆترە شینکەی خوێنی دڵ بێ و بانووی ڕۆحم لێ چۆڵ نەکا

بە پیری خاك منیش خاکی بەگشت گەنجی دنیا نادەم
شنە و کزەی شەماڵێکی بەگشت دورگەی دنیا نادەم

لەبەر دڵما شەکری ڕووتە ، بەهەشتی وا نابێتەوە
هەتا مەحشەر خاکێ تر وا ، بەژیاندا نایەتەوە

بۆیە یاران تا بمێنم ، وەك بولبولان دەچریکێنم
نەغمەم بۆ خاك ، دڵم بۆ خاك ، هەر بە کوردی دەچریکێنم

( 20 )

## ئاوازی چوون

وتنی :کەمال محەمەد

لەناو پەیڤی خۆشەویستی و ئەویندا من هەر تۆم هەیە
لەناو ڕەزی بەهاراندا ، لەتۆ زیاتر من کێم هەیە
لەدوای جوانی ئەو چاوانە ، وەرزی جوانی وشکە هەمووی
لەدوای مەوج و هەنگاوی تۆ ، ئاوازی چوون لەنگە هەمووی

شەرتە تاکو لەسێبەری ، وەفای شوانێ نەبینمەوە
لەبەر دڵیا نوێژی عیشقێ ، بۆ پەروانە نەهێنمەوە

نەڵێم ڕۆژێ ئەوینی من ، بەفری جوانی باراندووە
سەراپا دەشت ، بەعیشقی من ، لەمێلاقە لێوان بووە

ئەگەر ئاسمان میهری نەبێ ، بڵێ ماڵی ڕۆشن کوانێ
ئەگەر هەتاو شەتڵی نەبێ ، بڵێ باخی ڕۆشن کوانێ

ئەگەر باران عیشق نەکا ، بڵێ جوانی لەکوێوە دێ
ئەگەر ترێ خوێن نەڕێژێ ، بڵێ شەراب لە کوێوە دێ

( 21 )

## گڕکان

شی

وتنی :ناسری ڕەزازی

وەکو بورکان با هەڵکوڵێ ، سینەی تۆڵەی کوردانەتان
لەچاوتانا بڕژێ تاڤگەی ، گڕ و مێژووی کوردانەتان
لەبەر چەقۆی هەر دوژمنێ ، کەهاتە پێش سەنگەرێ بن
بەڕووی بەحری زوڵم و خوێنا ، کەهاتە پێش بەندەرێ بن
کەڵڵەی سەرتان باگوڵدانی ، چڵ بە چڵی ئازادی بێ
با جەستەتان مەشخەڵی خوێن ، نەخشەی تازەی ئازادی بێ
لەبیر نەکەن ، لەبیرتان بێ ، شەوانی شاخ لەبیرتان بێ
بۆن کڕوزی پێ دەشتەکان ، هیوای دوێنێ لەبیرتان بێ
لەسەنگەردا پەلاماری ،خاس پڵنگی سەر ئاسکان بن
وەکو پشکۆ لەپاشکۆی با ، پەلاماری سەر باسکان بن
نەکەن ئامان کوردستانی ، خوێن و شەهید خامۆش بکەن
دارە مێوی دابانی پیر ، شیرینی خاك فەرامۆش کەن
کەلێمان چوو بەقەڕنێ تر ، دەسگیر نابێ بازی نەجات
بۆ پێشەوە با هەڵکوڵێ ، گڕکانەکەی تۆڵە و نەجات

( 22 )

ژووان

وتنی :بورهان مەجید

ژووان کچە شیرینەکەم
مناڵە خەم ڕەوێنەکەم
چەند ئەگریەم بۆ ئایندە
هەزار هێندە تۆم لەیادە
دەی ڕۆڵە گیان تۆش ئەم شیعرە
کە وەك گەزۆی هۆش و بیرە
لەسەر تەختەی پۆلەکەتان
لەجێ ی یەکەم وانەکەتان
بینووسەوە زۆر بە وردی
با تێ بگا درشت و وردی
خەڵکە ماڵمَان بێ کابانە
جەژنمان جەژنی بێخووانە
بەڵام ڕۆڵە ئەم حەسرەتە
ئەم ڕەهێڵە پڕ مەینەتە
دەرگایەکی ژەنگ گرتووە
کلیلەکەی زوو ون بووە
مەگەر بابە بەئاوازێ ، ئەو دەرگایەی بۆ بترازێ

( 23 )

## شەڕی غوربەت

وتنی :نەجمەدینی غوڵامی

وا خەریکە بازی غوربەت ، چاوی دڵم هەڵدەکۆڵێ
هەر بەنینۆك لەدەشتی لەش ، شەمامەی ڕۆح هەڵدەکۆڵێ
لەمن گەڕێ ئەی بازی گەڕ ، بەمردنیش پێت ناخورێم
من لەخۆما دیوارێکم ، سەد نیشتمان پێت نڕوخێم
چاوم خێوەتی گەرمیانە و ،دڵم دەشتی شارەزوورە
دەستم خوێنی سلێمانی و ، سەرم سنەی بەمەهجورە
قامەتم خۆ نەخشی قەڵای ، پیرە شاری هەولێریانە
هەناسەم خۆ بۆن کڕوزی ، جرە مێژووی کوردستانە
با سەریشم لە هەڵاڵەی ، بەفرا سپی بچێتەوە
لەدووکەڵدا بەسەر کوانووی ، بەر بارانا بشکێتەوە
با ڕەنگیشم بەڕەنگی زام ، بەوەنەوشەی بێ ئاو بچێ
لەژێر زەلمَی فرمێسکا دڵ ، هەر بە بەردی چەمان بچێ
ئەی بازی گەڕ لەمن هەڵێ ، من خۆم غوربەت بەڕۆح دێنم
ئیتر من چۆن لەگەڵ تۆدا ، شەڕی غوربەت دەدۆڕێنم

( 24 )

## هاواری دڵ

وتنی :پەیمان عومەر

لەقەفەزی سینەدا دڵ ، وەکو بولبول بەهاوارە
ئاو لەچاوم تاوی شەستە ، عەینی چاوی لالەزارە
ئەتۆش بێ باك لەژێر کەپری ، دڵ ڕەقیدا وەکو جاران
دورە حەسرەت ، هەر بزەت دێ ، قریوەت دێ وەکو جاران
ڕۆژی چەشنێ ، چەشنی تەرزە ، دادەبێژی لەباخی دڵ
چەشنی پایز لەڕەگ دێنی ، شینایی ڕۆح لەباخی دڵ
ئەدی کوانێ ، ساڵی عەشق و ، ساڵی سۆز و ساڵی پەیمان
چ ڕوبارێ پێ ی وتی تۆ ، لەچاو دەرکە نیگای پەیمان
ئەدی کوانێ ئەو ڕۆژانەی ، من شەلال و من خەجت بووم
وەك ئێوارەی سەر گۆیژەی سوور ، من هەسارەی ئەوینت بووم
دەبێژە دەنگ ، هۆ پەیامی بۆ دڵەی من هەزار فەرهاد
بەکێ بڵێم : ئێوەش درۆ ، بۆ کێ بەرم داد و فریاد
خەجاڵەت بن دنیای عیشق و خۆشەویستی چۆن وادەبێ
ڕۆژی یەکێ بە میوانی ، بەر هەیوانی دڵتان دەبێ

# پایزی وڵات

وتنی :دڵخۆش

ئێمە ڕوباری بەلرفەی خاکین
بکوژی ماری هەزار زوحاکی
خوێن لەکوێوە بێ هەلَمەت وادەبەین
نوور بەسەنگەری کوردستان ئەدەین
هەرگیز کۆڵ نادەین لەسەربەخۆیی
لەبەهاری گەل لەحوکمی خۆیی
دەماری خوێنمان خرۆش تر دەکەین
کورەی خەباتمان بەجۆش تر دەکەین
لەڕێ ی پایزی ئەم نیشتمانە
شەهید بەمانایی هەزار سامانە
لەهەر جێگایەك گوڵێ بکوژن
گوڵێ بەسەد ڕۆح لەدوژمن کوژن
مەڵێن ئاسۆمان لە ونبون دایە
بیری وردتان بێ لەیەك بوون دایە
کوردستان تینوی زەڕەیەك شادی
دەسا کوا هەوڵێ ڕووە و ئازادی
لەخاکی بابان هەتا ئەردەڵان
لەسابلاَخەوە هەتاکو بۆتان
لەتۆڵەی زامی پایزی وڵات
ڕۆشن کەنەوە ئاسمانی خەبات

( 26 )

## پەیامی خۆر

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

وا ئەمجارەش گەڕامەوە و پەیامەکەم بەیان دەکەم
سرودێکم هەزار خەمی ، وڵاتەکەم نیشان دەدەم
لەتەك ترس و دڵەڕاوکێ ی درەختێکدا دەبمە هاوڕێ
بۆ هەرتاوێ خوێن بباریێ ، دڵم لێتان دانابڕێ
ڕێم هەر لرێ ی کوردستانە و ، شانم بەردی دامەنی گوڵ
هەناسەم بای کوێستانانە و ، سروەم عەینی سوبحی بەکوڵ
لەتەك زامی پیرە زامی ، پیرە دایکێ دەچمە برژان
لەتەك خوڕەی پڕ گریانی مناڵێکدا دەچمە سوتان
لەگەڵ ئەودا پەیامی خۆر ، هانای شەهید دەگەیەنم
لەگەڵ ئەمدا بانگی ویژدان ، شۆڕشی نان دەگەیەنم
بەڵێ قەومە لەگەڵتانا لەسەنگەری ڕەقیبانم
لەخەمتانا منیش خومی ، خاسە خومی ڕەشپۆشانم
لەتەك زەردەی مەغریبانا کەس وکارم لەگەڵتانم
لەتەك مەرگی کچی ئاونگ بەچەقۆی خۆر لەگەڵتانم
وا ئەمجارەش گەڕامەوە و ، باز پەیامێ هەڵدەفرێنم
دەبمە پردی نێوان دوو زێ ، کەژی خەمتان دەڕوخێنم
دەتۆش ئەی خاك دەستم دامێن هەر سروەیەك بەڕۆحم بە
خۆم غوڵامی ئاو و خاکت ، دەسا ئاهێ بەڕۆحم بە

( 27 )

## خوليا

وتنى :پەيمان عومەر

لەبوونمەوە ديدە خولياى پەريیەك بووم لەمانگە شەو
دڵە خولياى ئەوينێك بووم ، هاژە ڕۆشن لەمانگە شەو
دەمێك ڕابوو ، دەمى ڕۆحم ، لەشیرینێ ڕائەگەڕا
شوكر بۆ خوا ئەمجارەيان ، نەسيمى خوا بۆمن گەڕا
بەو نەسيمە يەكەم چرۆى بەهارى جوان هاتە ساڵم
بەو نەسيمە يەكەم سۆزەى دەمى ژووان هاتە ماڵم

بەخێر هاتى ئەى هاوڕازى مەلى تاسە و هەناسەى ئاڵ
بێرە ڕۆخى غەريبى دڵ ، تۆ هەوارى جوانى و خەياڵ

بێرە هەراى سۆزێكمەوە ئاوەدان كە ماڵى جوانى
پێ هەڵهێنە ئەى پاكیزە ، ئەى ساحيرە بەپەنهانى

ڕۆخى پيريم بەمروارى ، بپۆشە تۆ دەسم دامان
چەمى وشكە ، زيخەڵانە ، تەمەن بێ تۆ دەسم دامان

( 28 )

گوزەشت

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

گوزەشت ئازیز چپە و ماچی هەمیشەمان لەسێبەران
شەوە ژووانی تێ ڕوانینی بەجووتەمان لەئەستێران

گوزەشت ئازیز ئێوارەی ناو ، ساڵ و وەرزی یەکتر بینین
ڕێژنە نیگا ، ئومێدی زۆر ،خەون و تاسەی یەکتر بینین

تازە ڕۆیی لەدەسمان چوو ، بۆن شەمامەی بێستانی لەش
شورای جوانی لەمەمکی گوڵ ، شەنگەڕۆژی بەهاری گەش

تازە ڕۆیی نەسیمی ماچ ، جێ ژووانی پڕلەگوڵاَن
ژووانی گەرمی خۆشەویستی و قریوەی ناو ماڵی دڵاَن

گوزەشت گوڵم ئەو خەونانەی کە دەمانوویست هاوشانمان بن
چەشنی جوانی لەناو دێڕا ، دوا بەهاری دیوانمان بن

ئارەزوومان بوو بەگەڵا و چڵی وشکی بەختی پایز
ئەی دڵدارە تاقانەکەم ، خوداحافیز، خوداحافیز

( 29 )

## هەواری عیشق

وتنی :شێرکۆ تاڵیب

هەواری عەشقم دووره ڕەنگە ئەمڕۆ نەگەمە جێ
سۆزیش بەفره لەبەختی من ڕێگا ڕەنگی وێم نەداتێ
چەند خەمناکە ، چەند خەمناکە ، تەمەن بێ ئەو ئەی ڕەفیقان
وەکو ڕۆخی بێ لم وایە ، دەروونی بێ کڵپە و سوتان
زەمەن بارانە ، بایە بایە ، ڕەنگە ئاسۆ نەیەتەوە
ڕەنگە چی تر لەجێ ی هەتاو باڵای باران بێنێتەوە
چەند شیرینە ، چەند شیرینە ، هاوڕێ ی هەوری ئێواران بی
تۆش وەکو ئەو نوقمی دیدەی چۆڵەوانی هەورامان بی
ئەوینی من دووره دەستە و ڕێ ی هەوارم پڕ هەورازە
شەو تا سەحەر لە سوتانام شیعریش وەکو خۆم بێ نازە
بەڵام هەرگیز چۆك دانادەم لەحزوری گریانێکدا
وەك چۆن لالە ئاگر ئەسوێ بەناو چاوی زریانێکدا

( 30 )

## خۆ تۆ

وتنی :پەیمان عومەر

خۆ تۆ لاس و سیامەندی دلەکەم بووی ئیتر بۆچی
خۆ تۆ عەتر و چەم بەرامەی گولەکەم بووی ئیتر بۆچی
خۆ من دەمووت خوایە لاویَ ، بهاوە نێو چارەنووسم
بۆ منی خەج چەشنی سیا ، بەگوڵ بێنێ چارەنووسم
ئەی ئەمێستا بۆ لەسەرچی ، پایز کەوتە ماڵی دڵت
هەر وەها زوو لەبیرت چوو ، هۆ ئازیز گیان باخی گوڵت
لەبیرت چوو پەروانەی تۆ ، لەباخی من هەڵنەدەفڕی
هەموو شینی ئاسمانی ئەو ، ڕۆحی من بوو هەڵنەدەفڕی
ئەوی ئێستا دڕك و داڵی ، چ هۆشێکە باوانەکەم
بەری چاوی خۆشەویستیت ، تاریك دەکا باوانەکەم
چ شۆخی تر فریو ئەدەی ، تۆ بەنازی سەر و زارت
ڕاوی کوێیە ؟ سوێسکەی کێ یە ، تۆ بەتۆڕی سەر و زارت
کە تۆ ئاوا ، قاپی ماڵیَ زەردەخەنەم لەڕوو داخەی
شەرتە منیش وەهات لێ کەم ، مردن نەبێ بەهیچ نەگەی

( 31 )

زەردەی حوزن

وتنی :چۆپی فەتاح

لەنێوانی من و تۆدا ، عیشقێك هەیە لەگوڵ دەچێ
وەکو ژیان ئاڵ و خوێنین ، ڕازێك هەیە لەگوڵ دەچێ
لەنێوانی من و تۆدا ، حەزێك هەیە وەکو ئاگر
وەکو ڕێژنە بەچەخماخە ، لەگەواڵە و هەوری ئاگر
دەسوتێین و خۆڵەمێشمان ، بەهاری شین گوڵ دەهێنێ
موحیبەتمان نازی هەوران ، باران تاوی گوڵ دەهێنێ
بەڵام جەخار دڵدارەکەم ، لەگەڵ ئەوەی تەمەن کاڵە
بەر هەیوانی هەناسەمان ، هەتا ڕێمان درك و داڵە
نەسپیدەی خاکی شنە ، بە فریادمان دەگا کەمێ
نەبازەکەی قەدەری تاڵ ، لەبانێژە دەڕوا کەمێ
وەك دوو مەلی زەردەی حوزن ، لەقەفەزا هەر باڵ دەکوتین
وەك دوو شەپۆل لەڕۆخانە ، تاك و تەریك هەر باڵ دەکوتین
بەڵام ئازیز با قەفەزیش ، لەئاسن بێ ، لەپۆڵا بێ
مەیلی فڕین ئەگەر هەبێ و ، با ئاسمانیش لە پۆڵا بێ

( 32 )

## دەبوو ئێستە

وتنی :دانا غەنی

ئەی شارەکەم لێم دەبووری ، وەکو جاران ناگەمە لات
قومری شیعرم باڵ بەستە تا ، ئەم بەهارەش بگەمە لات

کەگوڵ دەمرێ دەبێ باران ، سایەی میحراب بکاتە ماڵ
وەکو کۆتر بۆ فڕینێ ، دەبێ عیشق بکاتە ماڵ

دەبوو ئێستە لە گولاَندا ، من ئەم شینەم بکردایە
بەسەر شانی کوچەیەکتا ، من ئەم عیشقەم بڕشتایە

بەڵام هەیهات قەدەر کەی کەی ، بۆ من و تۆ هانا بووە
وەکو ئاسمان بەڕووی مەلا ، تاقە ڕۆژێ ئاشنا بووە

لێم دەبووری دەبوو ئێستە لە شینا من باران بوایەم
بۆ ڕەش و ڕووت دەبوو ئێستە من گوێ کوانووی سوتان بوایەم

( 33 )

## هەڵوەرین

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

تازە پایز نیشتە شانی ئەو ئاوازەی دڵم دەیویست
تەمەن ڕۆیی و نەگەشتمە هیچ نەئەو خەونەی ژووان دەیویست
ئەفسوس جاران کوردستانم ، عەرشی جوانی و ڕازاوە بوو
هەر سێبەرێ کە تۆ دەتدی ، بەگەڵای ماچ شاراوە بوو

ئێستەش دایە ، وڵات بەردی ، بەرشەتاوی خۆکوشتنە
گوڵ لەگەڵ گوڵ ، چەم لەگەڵ چەم ، برا کوشتەن هەر کوشتنە

ئیدی دایە کە نیشتمان ، چەقۆ و خوێن بێ ، گلەیی چی
دوا دیواری پرسەنامەی لالەی ژین بێ ، گلەیی چی

کەمن چرای نیوە شەویان کوژاندمەوە و دڵیان بردم
وەك وەنەوشە بەدەم باوە پێکەنینیان هەڵوەراندم

ئیتر دایە سەر بەکوچەی ، کامە وەرزی شاردا بکەم
درۆی چیبکەم ، وەکو ئەوسا ، بۆنی لیمۆی چ باخێ بکەم

( 34 )

## باوەڕ

وتنی :ناسری ڕەزازی

جارانی شاخ کەخۆرەتاو ، پەپووی بوو لێڵی هەڵدەفڕان
لەناو گیانی نەرمە گیادا ، عەتری ئاونگی هەڵدەفڕان
ئێمەش ئەو دەم بازی سووری ، ئاسمانێ بووین لەباوەڕێ
وەك با لەکەژ ئەوینی خاك ، هەوراز هەوراز دەیدااینە ڕێ
گابەرد گابەرد هەڵدەخولاین و ، کانی خوێنمان قوڵپی ئەدا
چارەنوسمان نانی تازەی ، بەسەر ساجی خوێنا ئەدا
ڕۆژ هەتا شەو خولیای گەرمی ، سەربەخۆیی دەیبرژاندین
پشکۆی سووری ناو شەختە بووین ، کزەی هیوا دەیهەژاندین
نەهەوراز و نەتەمی تاڵ ، پەلامایان سڕ دەکردین
نەپێچی چەم ، نە دڕك و داڵ ، قاسپەی کەویان کڕ دەکردین
تاسەخت بووایە ساڵی خەبات ، دەروی خوێن شین تر دەبوو
دەغڵی ڕەنج و دەغڵی ڕۆحمان ، بەهاری سوێن شین تر دەبوو
ئەوی هۆش و هزرمان بوو ، ئەو دەمە ئازادی بوو هەر
لەڕێ ی خاکا ، خوێنمان لەتای ، تای تەرازووی شادی بوو هەر
بۆیە ئێستەش من بەپیری ، هەر شوکرانەی خەبات دەکەم
بەم عومرەوە هەر تەماشایی ، دوا ئاوێنەی نەجات دەکەم

(35)

## سەفەری عیشق

وتنی :هێمن

وەك تازە باخ من خەیاڵم بەر بڵاوە
ئەو لەسەوزی و من لەعیشقا چرۆم داوە
ئەو عیشقەی من ئاگرێکەو لەڕۆحمایە
دوور و نزیك سەفەرێکە و لەڕێمایە
ئەی چارە سازکەم بێ و بڕۆ بەدڵ ڕەقی
کەم بشکێنە شووشەی دڵم بەناهەقی

بەسە توبی و خوا پەنای شادیم بەڵێنێك بە
بەنیگایەك دڵخۆش دەبم بەڵێنێك بە

بەسیە توخوا هەناسەیەك بمدوێنە
لەگوڵدانی ئەو دڵەتدا بمڕوێنە

گوڵی گەنجیم بەبا مەکە کافر دەبی
لەمە زیاتر شەنم مەکە کافر دەبی

## هەنگی گەڵا

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

ئەمێستا دڵ وەك هەناری داتەکیوە گلێنەکەم
لەدووریتا هەناسەم خۆ تەمی کێوە گلێنەکەم
چاوی دڵ بە هەنگی گەڵا گەڵای پایز چۆن تێ ی داوە
عەمری بێ تۆ لەپی ئاوە لەژێر بەفرا گلێنەکەم
بشێ سازبێ وەرزێك نزیك بڕژێنەوە دامێنی یەك
چەشنی چاوگ ، چاوگ بدا شیعرێ تازە گلێنەکەم
چون ساڵگارە وەك کەڤی ئاو لەڕۆخانە نەفەس وشکم
تاپێت نەگەم چەشنی ئاردی ئاشە ڕۆژم گلێنەکەم
لەخۆم ناگەم من چۆن توانیم بەهاری تۆ بەجێبێڵم
بۆ سەفەرێ ، تەمەنی تۆ بگۆڕمەوە گلێنەکەم
بەڵام ژووان دڵنیابە لەخۆم بگەم یاخود نەگەم
هەر دێمەوە و بەگشت گەنجی دنیات نادەم گلێنەکەم
تاقانەکەم هەر تاقانەی هەتا مردن ، چاوی بابە
عومری بێ تۆ مردنێکە هەر بەپێوە ، گلێنەکەم

جامی ئەشك

وتنی :هوشیار حەمە فرەج

چرۆكانت كۆكەرەوە و بارانی خەم نەتوەرێنێ
فرمێسكەكان بسڕە و مەگری یادەوەری نەتسوتێنێ
دەرگای ئومێد كڵۆم مەدە و ڕۆڵە ژیان وەرزێك نی یە
جامی ئەشك نخون مەكە و ڕۆڵە ژیان خەونێك نی یە
كە گوڵێك مرد گوڵێكی تر بچێنە تۆ ، بێ گوڵ مەبە
كە سۆزێك چوو سۆزێكی تر بچێنە تۆ ، بێ گوڵ مەبە
بە پێكەنین ئاوی دڵ بەو وەك مانگە شەو ، شەو بدوێنە
گەڵای سەوزی دار لیمۆ بەو ، چاوی تاریك بەنوور بێنە

چرۆكانت كۆكەرەوە و ئەوین تەنها فیراق نی یە
نیشتمانت لەئاواز نێ و ژووان ژیان فیراق نی یە

( 38 )

## لێت تورە نیم

وتنی :تارا رەسوڵ

لەگەڵ ئەوەی فرێت دامە ، گوێ ڕووباری ئەم هیجرەتە
لێت تورە نیم هەر لەچاومای ئەی سەرچاوەی ئەم غوربەتە

هەرچەند دڵمت خستە کوانووی پڕ لەپشکۆی نائومێدی
لەسێبەرتا هەر ئەوەندەی بزەی گوڵێ خۆشیم نەدی

تۆ بێ وەفا لەئاستانەی وەرزەکانی خۆشەویستی
لەدەنگی دەف ، لەگیتارو ، لەجێ ژووانی پڕ لەمەستی

منیش هێشتا هەر کەچرای خەیاڵێکت شوعلە ئەدا
لەنێو ڕۆحما یادەوەریت وەك چەخماخە ئاگر ئەدا

جەخار گوڵم تۆ ئەو عیشقەت دابەئاوا منت تیاویست
منیش ئازیز پێچەوانە هەر تۆم ئەویست ، هەر تۆم ئەویست

( 39 )

## خورەی گەڵا

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

پەڕە و شیعرم لێ دەشێوێ کەلێوی خۆت ورد دەگەزی
هەموو گیانم دەبێ بەگڕ کەتۆ ، بەناز لێو دەگەزی

ساڵ و وەرزم لێ دەشێوێ کەهەناسەت ڕۆحم دەگرێ
وەختێ ئازیز وەنەوشەی تۆ ڕۆخی جوانیم بەشین دەگرێ

خۆزگە دەبووی بەبرژانگێ لەپێڵوما سەوز دەبووی
تاهەمیشە چەشنی سایە ، هاوڕێ ی گیانی گیانیم دەبووی

گەرچی ئێستەش لێرە نیت و بەڵام گوڵم هەر هاوشانمی
لێرە نیت و بەڵام ئازیز بەیانیانیش هەر هاوخوانمی

بۆ کوێ بڕۆی ، بۆ کوێ بڕۆم هەرگیز لەیەك نابینەوە
ئێمە خورەی گەڵای پایز.. قەت دووبارە نابینەوە

( 40 )

## هەتا دەمرم

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

هەتا دەمرم تنۆی خوێن و ئاوەدانی ژیانم تۆی
چەمی شینی بەرباخانم ، هەنارانی ژیانم تۆی
هەتا دەمرم هۆ خونچە گیان ، تۆ تاقانەی دڵم دەبی
لەوەرینا تاوی پایز ، تۆ جانانەی گوڵم دەبی
هۆ خونچە گیان ڕەنگ و ئاوی خۆشەویستیم ئەشکی تۆیە
ژیان بێ تۆ ، فەنا بوونە ، سووتە جرێ بەبۆسۆیە
تۆ ئیمان و تۆ شەلالی ، بەخت و نووری چەن ساڵەمی
تۆ ئیمان و تۆ میحرابی ، پڕ لەئایەی چەن ساڵەمی
لەزمسانا ، تۆ ئاگری پڕ لەپشکۆی دڵ و گیانمی
لەهاوینا ، تۆ پرووشە و شنە و ئاوی دڵ و گیانمی
لەپایزا ، تۆ چەمێ گوڵ بە بەرچاوما گوزەر دەکەی
دەمی مەوجی بەهارانیش ، کەندڕ بە گوڵ کەندڕ دەکەی
هەتا دەمرم ، لەتۆ ببڕێم ئەم گوێچکانەم بەکەڕ دەچن
لەتۆ ببڕێم وەکو کانی ، ئەم چاوانەم بەتەڕ دەچن

( 41 )

## ئۆردوی جوانی

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

ڕەنگ پەڕیوە ، چەمەن ڕەنگی ، کەڕوخسارت حزور دێنێ
ئۆردوی بەهار ڕوو شکستە ، کەویقارت حزور دێنێ

سێوان باخان بەجێ دێڵن ، کەسێوی تۆ بەرۆك دەگرێ
خاکی ( میوە ) ان شەڕو شۆڕە ، کەهەرمێ جێ ی سەرۆك دەگرێ

تۆ بنوڕە چۆن دەوەرێ ، بادەم لەچڵ کەچاوت دێ
لەپێ دەشتان چلۆن هەڵدێن ، ئاهوی ناوان کەناوت دێ

تۆ بنوڕە ماسی عەتران ، لەڕوباران چۆن دێنە ڕۆخ
کەڕوباری عەتری تۆ دێ ، فیردەوسی بۆن چۆن دێتە ڕۆخ

چ عەیارە پەروانەی ناز ، لەسارایی چاو کەواوە دێ
خونچە نازێ لەباخچەی چاو ، کەقریوەی ئاواوە دێ

دەخیل ئەی یار دەسم دامان ، ئۆردوی جوانی ڕاگرە تۆ
شیعر : گەنجی ..لەخوێنایە ، ئەم کوشتارە ڕاگرە تۆ

( 42 )

## کێ دەوێرێ

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

دێت و دەچێ ئەو بەبەرگی ڕەش و مۆری وەك وەنەوشە
نەك هەر چەمان ، سێبەری تار ، تامەخلوقیش خڕ پەرۆشە
لەدووی دەڕژێ سیمی هەتاو ، وەختێ هەنگاو دادەنێ ئەو
.. یاران بەکۆ ئەچنە داوی ، کەداوی چاو دادەنێ ئەو

وای لەحاڵی ئەو بەدبەختەی لەڕێی ی ئەودا ڕەنگ ئەڕێژێ
نەشارەزا تەرزەی عیشق ، بەمل ئەودا هەڵئەڕێژێ
وەك عاشقی چاخی مەجنون بەکوشتار و فەنا ئەچێ
لەبێستون و کێوی عومرا لەدنیا ئەو بێ سەنا ئەچێ

دەبێ یاران هەتا مردن باجی عیشق کەرەمکا ئەو
لەڕێ ی گەنجی و خاکی عومرا چاوەکانی خوڕەمکا ئەو

کێ دەوێرێ لەئەو پرسێ داخۆ دڵی ماڵی کێ یە ؟
چاوانی ئەو ، هەنگاوی ئەو ، عاشق بەڕێی ی ماڵی کێ یە ؟

( 43 )

## چەند شیرینە

وتنی :سەفین خەراجیانی

چەند شیرینە بەبای ڕۆیشتن دەریای سینەت شەپۆل ئەدا
شەپۆلی چی ؟ وەك خەرمانە لەگوێ هەورا سەرهەڵئەدا
چەند شیرینە شەکرە نیگای ئێوارانی ئاسمانی ڕووت
دێت و دەڕژێ هەر بەچەشنی وردە گەڵای پایزی ڕووت
شیلانەکەم من لەشیلەی چاوانی تۆ قەت تێر نابم
بەچاوی تۆ من بەورِکی هەزار ڕەنگەت قەت پیر نابم
نەك پیر نابم گەر سەریشم بەخشم بەتۆ ئاسایی یە
وەك چۆن مردن لەڕێ ی عەشقا بازرێکی هەرزانیە
بەڵێ گوڵم لەڕێتا گەر دڵ وەك گەڵا هەڵنەوەرێ
نەچرۆیەك سەوزم دەکا و نەخەمیشم چرۆ دەگرێ

## ( 44 )
## گوڵدانی گڕ

دوو چاوم پڕە وەك هەوری بەهمەن لەدورگەی بادا
دەرونم پڕە وەك سەمای دەغڵ لەمەوجی بادا

با ) ستایشی جوانی گوڵ دەکا لەتوێی ی مەغریب دا )
من ئاگرەکانی دەمی ڕامووسان لەتوێی ی مەغریب دا

نیشتمانی من سای گوڵزارێکە گوڵ بارە هەردەم
وەك ماچی دەمان گوڵدانی گڕە ئاگرە هەردەم

گەر شەوێ بەفر کەوتە پرووشە و چاوی لێك نەنا
یان هەور کەوتە ژانی برووسکە دەمی لێك نەنا

ئیدی بزانە سروشت هاوەڵ و گوڵزاری عیشقە
سەدای باڵ بازە ، شەڕی بارانە ، خۆشاوی عیشقە

ئیدی بزانە ، شەوی جێ ژووانە و بێرە مانگە شەو
نە با بناسە و نە ساتەکانی خەوی تەنیا خەو

( 45 )

## بەهەشتی سۆز

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

ئەمشەو پیاڵەم لێوان لێوە و ، لێوی قەڵەم گوڵ دەهێنێ
ئێوارەی تۆ ، خەیاڵی تۆ ، گوڵ لەسەر گوڵ ، گوڵ دەهێنێ

تۆ نازانی ئەی بێ مروەت ، چ خۆشحاڵم بەدەنگی تۆ
چ شەماڵێ دڵم دەبا ، کە گوێم دەبێ لەدەنگی تۆ

کەدەنگی تۆ دەڕژێتە گوێم ، لەتەك ڕۆحما دەچمە خەڵوەت
وەك پەروانە بەجێ دێڵم ، چڵ و چرۆی باخی غوربەت

تۆ نازانی ئەی بێ مروەت ، چ خۆشیەك بەدلمَا دێ
وەختێ بزەت وەك ئێوارە ، ئاسمانی دڵ لەکۆش دەگرێ

دەسا چرۆ پێکەنینێ ، کێوی میحنەت ڕابماڵێ
ئامان چرۆ قریوەیەك ، بەهەشتی سۆز بەماڵ بێنێ

( 46 )

## نالی

وتنی :هوشیار حمه فەرەج

ڕۆژی سەد جار لەبەردەمما ، دەمی پرسیار دەکەیتەوە
وەك دەغڵی شین لەناو ئاوا ، سەد نازم لێ دەگریتەوە

وەك چۆلەکەی لانە ڕماو ، دێیتە کۆشم بابە بۆچی
تۆ بەشوعلەی تاقی دڵت ، منت ناو نا نالی و کەچی

تەنها جارێ وەرزی سەوزی ئەو دیوانەت نیشان نەدام
سێوی سوورە ، لیمۆی زەردە ، تۆ هەر هیچت نیشان نەدام

ئاخۆ دێڕی ، چەمی خشڵە ، یان مەرجانی ڕۆخانەی ئاو
وشە و بیری ، کوانووی ڕووتە ، یان فرمێسکی ڕۆخانەی چاو

ئاخر بابە نەمبیست جارێ ، سوبح باشی باخچەکەم کات
هەورێکی ئەو ئەڵقەی باران ، لەئەنگوستی باخچەکەم کات

دەی خودایە گۆرانیەك دڵی نالی شەقار بێنێ
بۆ بەهار و بۆ شارەزوور جارێکی تر شیعر بێنێ

( 47 )

## هەرێمی دڵ

وتنی :نەجمەدینی غولاَمی

بەچی دەچێ کە ئێسقانم بوو بەخەڵوز بەبیرت بێم
بەچاوێکی غەمبارانە ، بڕوانێتە ئێوارە ڕێم

بەچی دەچێ لەدوای ڕۆحم ، بیر لەکۆچم بکەیتەوە
وەك بەد مەستێ ، گڕت هەستێ و دەرگای شینێ بکەیتەوە

نا بێ وەفا ، لەمن دووربە ، نایەمەوە جارێکی تر
بەساڵ بگری ، هەر چۆن دەگری ، بڕوات نەما جارێکی تر

نا بێ وەفا خۆڵ بارانی ، سەر دڵەکەم لەیاد ناچێ
گوناهی وا نەك تەنیا من ، لەخەیاڵی کەس دەرناچێ

بڕۆ چیتر ، فریو ناخۆم ، بەگریانی ئەو چاوانەت
بەگوفتی سارد ، چەمی درۆ ، بەدوو گەڵای ئەو لێوانەت

بڕۆ چیتر نەتبینمەوە ، لەچاوی من بێ بەری بی
هەرێمی دڵ ، جێ ی تۆ نیە لە عیشقی من بێ بەری بی

( 48 )

## مەخمور گوڵێ

چاوی کام خۆر بەچاوی تۆ دەگا ئاخر
نازی کام گوڵ بەنازی تۆ دەگا ئاخر
لەقامەتا هەم سنەوبەر هەم سەرووی تۆ
لەجوانیدا خوا دەزانێ ، چ ئۆردووی تۆ
نیگات سێوی ناو سێبەری گەڵاَ و چڵان
بزەت عەینی تازە چرای تاق و دیوان
لەوەختی چوون مەلان باڵی فڕین دەگرن
لەو ئاسمانە چاوی سەنگەر لەتۆ دەگرن
پەروانەش لەقاپی زوهرە ڕادەوەستێ
لەقەڵبەزەی خوێن و شەکر ڕادەمێنێ
دەڵێ نەبوو لەنیو گوڵا ، گوڵێك ئاوا
مەستانەیەك ، مەخمور گوڵێ ، گوڵێك ئاوا

( 49 )

## ئاگردان

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

بەهارێکە ، خاکە لێوی ئەم عیشقەی تۆ
هەرێمێکە ، هەر لەگەزۆ ئەم لەشەی تۆ
تۆ ئەمەندە ، شیرین ئەندام هاتوویە بوون
گوڵ بەفریای نازت ناگا لەوەختی چوون
پەروانەی چاو ، چڵا و چڵی ڕوخساری گەش
ڕوومەت مانگی ، ناو شەوگاری پەرچەمی ڕەش
بزە چرای ، ناو تاقی لێو ڕۆشن دەگرێ
سێوان مەوجی ، ڕۆخی سینە بەتاو دەگرێ
کەمەر باریك ، وەك ستوونی گڕی چرا
لەنازیشا ، هەر نێرگزی مێرگ و سارا
قەڵەم سەرسام لەئاست جوانیت شیرین ئەندام
بولبول مەلول لەتاو سۆزت شیرین ئەندام
ئەدی من چۆن شیعرێ بڵێم : وەك تۆ وابێ
لەبەژنا شین ، هەم سنەوبەر ، هەم سەر و بێ
بەڵام ، شیعرێ ئاگردانی عاشقان بێ
هەتا مردن ئەو لەڕەنگا ئاوەدان بێ

( 50 )

## کافر دەبی

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

هاتوومەتە قاپی عیشقت ، دەرم مەکە کافردەبی
چرای دڵم لەسەر دەستە و ، بەبام مەکە کافر دەبی
وا لەبەردەم بەژن و باڵا و ، مانگی ڕووتا ڕاوەستاوم
ئەگەر دڵم ڕازی ناکەی ، شەنم مەکە کافر دەبی
مەمشکێنە ، مەمسوتێنە ، لەم عیشقەدا خەسار ناکەی
شەرمەزاری ، شەوە شیعر و بادەم مەکە کافر دەبی
خۆ من سێوی دار سێوێك نیم ، بەڕەنگی خۆم لەخشتەت بەم
لەکەژ بێ خوار ، خۆت بەئەهلی کوفر مەکە کافر دەبی
خۆ چۆلەکەی بەرزە چڵی درەختیش نیم دەس پێم نەگا
گەر لەئاستی تۆدا نەبووم ، نەمسوتێنی کافر دەبی
ئیتر گوڵم توبی و خوا ، لەڕڕایی و گومان گەڕێ
گەر وانەبووم ، سەد کەڕەتم لەخوێن نەنێ ی کافر دەبی
گومانی چی و فیراق چی ، تازە چرۆی بەهاری دڵ
گەر وەك خەیام تۆ لەگۆزەی مەیم نەنێ ی کافر دەبی
ئەبەد ئاشنایی مەستی نابم ، مەستی چاوت مەستم نەکا
ئێتر گوڵم بەبادەی خۆت مەستم نەکەی کافر دەبی

( 51 )

## کێ بوو کێ بوو

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی
وتنی :کەمال محەمەد

کێ بوو کێ بوو پێمی دەووت گوڵشەنی دڵ لەبەر پێتە
نەوەك باخی پێڵوەکانم تەکێ ی لێوم شوێن و جێتە

کێ بوو کێ بوو بەچڵۆسکێ خۆڵەمێشی شەرمی پژان
بەنیگایەك لەدەروونما ، زرێبارێ خەمی رِژان

ئەی تۆ نەبوویت پێت دەوتم بۆ تینویەتیت جامێ ئاوم
بۆ برسێتیت لەتێ نانم ، بۆ تاریکیت مۆمە چاوم

ئەی تۆ نەبوویت پێت دەوتم با دەوەنی خوێنم رِەش بێ
بۆ ئەم رِێ یە بۆ ئەم ماچە شووشەی چاوم هەزار بەش بێ

ئەی ئەمێستا کوانێ سوتان ؟ کوا رِەشماڵی سوێن و گریا
بۆ پێم ناڵێ ی مردن کۆستە یان مردنی لێك دابرِان

(52)

## گوڵی ڕەعنا

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : کەمال محەمەد

ئازیز ئەمشەو گوڵی ڕەعنا لەچاوانتا سەردەردێنێ
بەئاگابە نەبا نیگای پەپوولەیەك بسوتێنێ
چونکە ئەمشەو لەم گەڕەکە نەرمە بایەك پۆستە دێنێ
زۆر دەترسم بڕیارێکی وەنەوشەی بدرکێنێ
بەڵام نازە ئەگەر باسی مەرگی من بوو مەقیژێنە
نەکەی ئەشك سەرپۆش تەرکا قژی خاوت مەشمزێنە
نانا ئازیز نەکەی بگری و هێشوو هێشوو خەندە برنی
باخی نیگاش بێ گەڵا کەی دوا لاپەڕەی تەمەن بدڕی

(53)

## سۆز

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی
وتنی : کەمال محەمەد

کەئێواران بەسەر پێڵوی ئەو شەقامە عەتر دەرِژی
ئەمەن جوانی لەچاوانتا دەڵێ ی دەشتێ نێرگز دەرِژی

تۆ بەجوانی رِووی بەهاریت رِێزە رِێزەی دڵ دەمرێنی
ئاخ بۆ رِۆژێ حەزی وێڵم لەباوەشتا بخەوێنی

کچێ لەنجەو رِەوتی پرِ ناز لەگەڵ نیگای تاو نا تاوێ
ئەم نهێنیەی پێ درکاندم بەسە چیتر شەرمی ناوێ

هەتا کەنگێ دەمی گرِی چاوەرِوانی لەخوێنما بێ
سبەی دەمرم بۆچی نابێ فریشتەیەك لەشینما بێ

کەمن گۆرِی خۆمم ماچ کرد چی لەئەشکی چاوانت کەم
یاکە بەفری عومرم نەما چی لەسۆزی شەوانت کەم

(54)

## ووتم نازە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : کەمال محەمەد

ووتم نازە رِق هەڵمەگرە و خونچەی عومرم مەژاکێنە
بەفرمێسکی پرِ ئازاریش مۆمی مەرگم مەسوتێنە

یاوەك گوڵێ لەبارانا بەدەم گڤەی رِەشەباوە
مەمدەرە دەس گێژەڵوکە وا بەفری گیانم تواوە

دڵۆپ دڵۆپ هاتە چەمی دوا فرمێسکی ماڵئاوایی
کێڵگەی ئارام بۆ یەك دڵۆپ ئەیدا بەکوشت دڵنەوایی

ئەوسا گریان یا قریشکە شەوی غوربەت ناخنکێنێ
بۆنی عەتری چنگێ خۆڵیش زەردەخەنە ناخولْقێنێ

دەسا نازە لەگەڵ نێرگز مەبنە دەروێش لەمەزارا
زیکر و حەسرەت نابینایە مەگەر کفنێ لەئازارا

( 55 )

## سوتان

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : کەمال محەمەد

ئێوارەیە و کچانی شار شەقام لەڕەنگ هەڵدەکێشن
بێ ڕەحمانە بەسەر باڵای گەنجێتیما ئاگر دەڕژن

دەسوتێم و لەمەغریبی پڕ دوکەڵم دوور دەوەستن
ئێوارەیەك دوای مردنیش لەسەر گۆڕم کۆڕ دەبەستن

دەبێ چی بێ ؟ ئێسکی ئاسك ئەم نهێنی شەو و ڕۆژە
وا لەلایەك نیگا ووشکە و لەلایەکیش تاڤگەی نوێژە

دەخیل سازە گوڵی شیعرم لەم هەرێمە دورم خەوە
مەغریبم تاڵ هەنسکم تەڕ بۆ ووڵاتم ببەرەوە

وەك کوژەکە بەتەوێڵی گەڕەکێکدا هەڵم واسە
ئەوسا تەرمی ئەم مەسیحە لای عاشقان جێگەی باسە

( 56 )

بانه مەڕ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی
وتنی : کەمال محەمەد

پێچا و پێچی ئەم ڕێگایە منی تەنیای لەباوەشە
سەرم هەورە و بەرپێم گیا ، لاتەنیشتم زۆر خامۆشە

بەڵام پرە لە گوڵاڵە لەگەڵ باران یەك ماچ دەکەن
دەڵێن گوایە بەم ئێوارە شەونم لە ڕۆژ مارە دەکەن

ئەی دڵ گەر تۆش خوێنت نەما لەنیگای یار تەمەناکە
یا گەر کەپری سینەش ڕوخا لەڕێ ی گەروو تەماشاکە

ببینە گشت ئەم سنوورە ، بانەمەڕی لێ دەبارێ
پووشپەڕی لەسەرچۆکە و گەردوون تاڤگەی لێ دەشارێ

( 57 )

## دوا هەناسە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : کەمال محەمەد

ڕۆژانێ بوو لەسایەتا دڵم دەشتی بەهارێ بوو
زەردەخەنەش خوڕەی چەمی بەرگلێنەی بێ دارێ بوو

چرکە نەبوو چەشنی بەفرێ بۆ کوێستانێ هەردانەکەم
یان وەك باران بۆ کێڵگەیەك دڵۆپ دڵۆپ هەردانەکەم

ئاسمان نەما تا ئەستێرەی دنیای جوانیت بۆ دانەگرم
شیعر نەما هێمن هێمن لەبەر پێتا سەری نەبڕم

کەچی ئێستەش نەخشەی ئەشك لەچاوانما دەنەخشێنی
قوڵپی گریان لەگەرووما بەرێبوارێ دەناسێنی

ئەویش مەرگە و ڕێ بەرنادا بۆ ئاوایی دوا هەناسە
یا بۆ عیشقی شەنگە ڕۆژێ لەووڵاتی دوره تاسە

( 58 )

## زەنگی تەلەفون

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : بورهان مەجید

نیوه شەوه و دوا درەختی شەقامەکان نوقمی شەون
نیوه شەوه و دوا سەرخۆشی کۆڵانەکان نوقمی خەون
منیش تەنیا لەسەر چەرپا شکاوەکەم ڕاکشاوم
خامۆش ئەڵێ ی ئاسەواری ووڵاتێکی دارِوخاوم
غوربەت نمەی چاوەکانمە و ژوورەکەشم چۆڵەوانی
گریان هاورِێ و گۆرانیشم برینێکە ئەرخەوانی
برینی من برینێکە پرِ لەژانی چاوەرِوانی
لەبۆ زەنگی تەلەفونێ شەپۆل ئەدا هەراسانی
هاوار لەسوێ ی مەرگی ژووان چەند گرانە چەند گرانە
درۆی نەبێ خوا نەکردە ئەڵێ ی مەرگی ئازیزانە
شەو تێ پەرِی و ئەوەی ویستم کەمێ دەنگی نەرژانە گوێم
ئەوی ویستم تەنها تۆزێ بای ئارامی نەرِژانە جێم
ناچار چەرپام تەنیا کرد و تەلەفونم کردە هاورِێ
هاوارم کرد ئەلو ئەلو دڵی مردوو چیتان دەوێ ، چیتان دەوێ

( 59 )

# غەریبی

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی
وتنی : کاڵێ

دووچاوی بەهار سیمای گوڵ گەشتە
وەرزی خەزانیش پیرێ کەنەفتە

بڕوانە کۆسار مێرگ و دەشتایی
قەڵبەزەی ڕووبار فەرشی سەوزایی

کەروێشکەی نێرگز سەمای گوڵاڵە
زایەڵەی مێگەل سەدایی شمشاڵە

وەنەوشەی گوێ چەم تاتای شەنگە بی
ئەوینی نازە دنیای غەریبی

( 60 )

## دایە دایە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : تارا رەسوڵ

دایە دایە شەوانێکە پەپولەی خەو نیگەرانە
دیدە و دڵە بچکۆلەکەم وەکو هەورێ لەبارانە
دایە دایە بارانی دڵ سرودێکە گریانێکە
کەشتی نوحە ئەویش وەك من وێڵی دەستی زریانێکە
ئەو لەکۆشی تۆفانێکدا منیش لەتاو ئەشکی یاقووت
ئەو لەتاو ڕقی دەریا منیش لەتاو پایزی ڕووت
دایە دایە زویر مەبە ئەگەر بڵێم حەزم وایە
لێت بپرسم دەنگی بابە بۆچی دەڵێ ی هاوڕێ ی بایە
تاوێ دەشت و سنور دەبڕی تاوێ وونی و بێ دەنگی
دەسا دایە دەدەی دایە ماڵی بابە لەکام لایە
منیش وەکو هاوڕێکانم ئەم ئێوارە بابەم دەوێ
لەهەر کوێ یە نازو ماچ و دەنگی بابەم دەوێ
دەسا دایە دەدەی دایە تاوێکی تر کاتی خەوە
ئەم بێ دەنگیەت خەمی منە یاخود خەم و یادی ئەوە

( 61 )

## بۆ غەریبان

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : ئەژدەر وەهبی

ئەمشەو دڵم بۆ غەریبان وەکو تەکیّ ئاوەڵایە
بەبیّ ئارام چاو لەڕێگەم کوا میوانیّ بهاتایە
لەئاسمانی دوو دیدەیدا کەمیّ سۆزی بڕشتایە
هەتا مانگیش پیّ دەزانیّ ئاوایی دڵ بیّ نەوایە
ئەمشەو دڵم نوقمی دەریای خەیاڵێکی بیّ ڕۆخانە
واهەست دەکەم ئەم بارانە گەڵا و گوڵی هەورامانە
گەلاَ گەلاَ ئارنگ ئارنگ بەسەر شانما سەما دەکەن
ئەی خاتووزین ئەم ڕەنگانە لەڕوخسارتا یەك ماچ دەکەن
ئەمشەو دڵم لەژێر تەرزەی پایزێکدا چاو لێك دەنیّ
جگە لەشەو تا ئەستێرەش کەس بەم مەرگە نازانیّ
بەڵام سۆزی تەماشاکەی چ گەڵایەك ڕەنگی سورە
پرسەی یادی شاعیرێکە و چەند هەورازیّ لێتان دوورە

( 62 )

## گلەیی بێ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وتنی : کەمال محەمەد

کەئێواران گەڵای سەوزی باخی نیگام هەڵدەوەرێ
باڵای شیعرێ لەخۆیەوە بەفرێکی سور لەخۆی دەگرێ
گلەیی بێ گەڵا وەری و کەوتە سەما تۆ نەهاتی
گلەیی بێ شیعر سور بوو شەقام زەرد بوو تۆ نەهاتی
بۆچی نایەی وا دەزانی ئەگەر وون بووی لەبەر چاوم
نەورِەسێکی لەباڵ دەدەی نایتەوە لەپی چاوم
نا باوانم لەباڵیش دەی من دڵنیام هەر دێیتەوە
چونکە گوڵم هیچ ئاسمانێ جێ ی ئاسمانم ناگرێتەوە
ئاسمانی من هەموو شەوێ ئەستێرەی لەپرچت ئەدا
سەرنجی من هەموو رِۆژێ لەسەر رِێتا گیانی ئەدا
ئاخۆ ئێستا هاورِێ ی تازەت چەمی سۆزی شەپۆل ئەدا
یاخود گوڵم وەکو سەراب جەستەی نەرمت گێنگڵ ئەدا

( 63 )

## هاژەی خۆزگە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

لەبەردەم چراو بزەی لێوانتا
یان هاژەی سەرسنگ لەوەختی چوونتا
دڵم وەك پایز دەبێ بەرِەنگدان
وەك مەلێ دەفرِێ لەبینینێکتا
هەناسەم دەبێ بەقەڵبەزەی سوور
قەتاری خۆزگە دێنەوە لەدوور
بشێ هەرجارێ گوڵێکت ماچ کەم
هەتاوی عیشقت بگاتەوە ناو ژوور
بشێ گوڵە گیان تۆش بمبەیتەوە
لەخەیاڵێکتا بمنوێنیتەوە
چۆن پایزە گەڵا سایە دەنووسێ
تۆش بەهەناسە بمنووسیتەوە
بڵێ ی هەر جارێ من ببمە میوان
میوانی سەما و بەهاری ماچان
بیشمرم ئەوسا خەمم گوڵ دێنێ
لەجیاتی شیوەن و شەلالی گریان

( 64 )

باده

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

بەلێوی من بادەی ئاڵی ، ئێوارانت هەڵدە ئەی یار
بەچاوی من جوانی تەی کە ، چاوی سەرنج هەڵدە ئەی یار

بەڕۆحی من حوجرە حوجرە ، هەورامانی عیشق گەڕێ
بەڕووی چەمی گوڵ سورەتا ، سێوی دڵێ هەڵدە ئەی یار

چی هەناسەی شیرین هەیە ، ڕایدەرە دەر هیچ مەترسە
دەس لەلاسکی ڕووتەڵانە ، سێوی حەسرەت بەردە ئەی یار

گەرووم بۆ تۆ بەگەرووی من ، هەناسەم بە هەناسەکەم
ژیان لەتەك عیشقا سەوزە ، لەو دابڕێ زەردە ئەی یار

دەسا گوڵێ عەیار خاتوون ، وەك پرووشە بێ و بباریێ
دەس لەقرچەی هاوینی ڕۆح ، غوربەتی ڕۆح بەردە ئەی یار

( 65 )

## خەمی ئاڵ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ووتم گوڵم : بەو هەورانەی چاوت بڵێ : کەم ببارێن
بەو گوڵانەی لێوت بڵێ : کەم زویر بن ، کەم بناڵێن

ووتم گوڵم : بەباڵندەی دڵت بڵێ : کەم گومان کات
بەهەناسەی وەك شەتاوت بڵێ : ئازیز کەم فوغان کات

ووتم ئازیز بۆ پەروانەی دڵەکانمان لەخەم دابن
وەك هەتاوی ڕۆژی تاریك ، لەهەورابن ، لەتەم دابن

ووتم ئازیز بۆ ئەوینمان ، لەگڕ دابێ بەخۆڕایی
هێشووی سەوزی چپە و ڕازمان ، بەپایز بێ بەخۆڕایی

کەهەردووکمان سوتاوی یەك ، مەفتونی یەك ، خۆڵەمێشین
دوور لەچاوی یەکان ئازیز ، هەتا بڵێ ی فەرامۆشین

ئیتر بۆچی وەك هەناری ، داوەریو بێ دڵەکانمان
لەسەر پشکۆی ئاڵی خەمان ، وا ببرژێ دڵەکانمان

( 66 )

# هانا

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

بەگوفتی خەڵکی خۆڵ مەکە چاوم
ڕۆشنایی چەمم ، لێڵ مەکە ناوم

مانگی یەك شەوەم ، بۆ شەوگاری تۆ
ئاوێنەی خۆرم ، بۆ ڕۆژگاری تۆ

هەستە چاوەکەم ، ساڵ یادی عەشقە
جوانی نێوانمان ، هەرتاوێ عەشقە

ئادەی باوانم ، کەمێ بېزوێ
با ڕۆحی ماندووم ، لەخەم بسرەوێ

ئێوارەم نوقمی ئاگرە بێ تۆ
ڕۆحم باخەکەی ، بەخارە بێ تۆ

دەسا ئازیزگیان بگەرە هانام
خۆمن بەبێ تۆ ، تەواو بێ هانام

( 67 )

غوربەت

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ترێ سپیکەی سەرکەپری دڵم
مایەی هەناسە و باخچەی پڕِگوڵم

سەرباری خەم و هەوری غوربەتمان
هەورازی ژین و ماڵی میحنەتمان

وەرە با هەردوو ئاوازێ بچڕین
لەرِێ ی ئەوین دا ، رِێ ی شمشاڵ بگرین

تۆ وەك نێرگز و بەهاری شین بە
لەداوێنی ژین ، شینایی شین بە

لەناو پایزا هەمیشە گوڵ بە
لەکورەی عیشقا ، گڕی بەکوڵ بە

هەستە چاوە گیان بێرە ژوور سەرم
رِوخسارم تەرِکە بەماچێ گەرم

( 68 )

## داری نوقڵ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

... ئەی دایە گیان
کە جار و بار ،
... با ) ی سەفەرێ )
!.. لەسەر پشتی هەڵم دەگرێ
.. تورِە مەبە و رِق نەتگرێ
وا مەزانە
لێت یاخیم و
.... ئیتر دووربا ...دووربا
!... سەری پرِ لەگوڵم بەجێت دێڵێ
نا نا دایە
... لەهەر کوێ بم
هەر دێمەوە ئامێزی تۆ ،
... ئەگەر دووربا
.. لەغەریبسان ، منیش مردم
ئەوا رِەنگم ، ئەوا دەنگم
.... داری نوقڵە
!! بۆ مناڵی پەرِەوازەی هەناوی تۆ

( 69 )

## ماچ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

لێوت بێ بەلێومەوە با زمانی عیشق فێربم
دەست و پەنجەت بێ دەستم با زمانی ئاگر فێربم

با لەنێوان لێو و پەنجەت ، هەناسەیەك ووچانێ بەم
بەبۆنی گوڵ کەچین چینە لەسەر سینە سەرخەوێ بەم

تو تروسکەی ئەو چاوانەت ، دییەم پرِکە لەرِۆشنایی
تۆفانێکم لەدڵدایە ، بمبە رِۆخی دڵنیایی

تو ئەو عەترەی لەسینەتا ، وەك شەماڵی بەگوڵاوە
تو ئەو جوانیەی لەبالاتا ، چەشنی ئاگر بەشالاوە

وەك رِیحانە لەدێراوی خۆشەویستی و ئەوینم نێ
بەو لێوانە ، لێوانم کە ، لەتامی ژین لەژینم نێ

دەی ئازیزم تا ئێوارە ، لەتاریکی ماڵی دوورە
بێ با برِۆین .. بێ مانایە چپە و رِازت ماڵی دوورە

( 70 )

## ئەگەر

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ئەگەر خوێنم بسوتێنن
وەکو پایز بموەرێنن
ئەگەر دڵم لەت و پەت کەن
وەرزی عیشقم لێ حەرام کەن
ئەگەر چاوم لەلێڵی بەن
چەمی شیعرم لەووشکی بەن
ئەوا هەرگیز خۆ ناتوانن
تۆم لەدڵدا دەربهێنن
ئەگەر بەهار بەپایز کەن
گوڵ لەسەر گوڵ بەخەڵوز کەن
ئەگەر ڕۆژم لێ بگۆڕن
ڕووی شەماڵم لێ بگۆڕن
ئەگەر عەتری چپە و ڕازم
لێ ووشك کەن لەگەڵ نازم
ئەوا هەرگیز دەربەست نایەم
لەم عیشقەدا بەچۆك نایەم

(71)

## لێتان دوورم

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

لێتان دوورم بەڵام هەرگیز لەپەڕەی دڵ جیانابمەوە
لێتان دوورم بەڵام هەرگیز لەناو چاوما کاڵ نابنەوە

بەهارێکن لەناو رِۆحما ، لەناو خوێنما گوڵتان دەرِوێ
چرایەکن لەناو سەرما ، لەشیعرما خوێنتان دەگرِێ

لەناو گوێژەی هەناسەمدا ، پێکەنینی سنەوبەرن
بەسەر کێڵگەی ئارەزووم، بارانێکن سەراسەرن

لەهەر جێ یەك دڵ خێوەتی ژیان هەڵبا ئێوەش هامرِا
لەهەر جێ یەك ئەوین بانگی مەستانە با ئێوەش هامرِا

لەگەڵ رِۆژا ، ئێوە خۆری ، خۆشەویستی و شادیمن هەر
لەگەڵ شەوا ، ئێوە مانگی ، پرِ تریفەی شادیمن هەر

( 72 )

# ڕاز

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

لەمەرگیشدا دڵ بەگۆشەی ئەو چاوانەت دەژیەتەوە
بەستەڵەکم هەربەیادی ئەو شەوانەت دەتوێتەوە

دڵ کە لێوی لەخوێن دابێ بۆچی عیشق لەخەودابێ
کەخاکە لێو لەگوڵ دابێ عیشق بۆچی لەخەودابێ

نا باوانم بەئاونگی پڕلەشیلەی چاوت سوێن بێ
بەو خۆزگانەی لەدەرونتا ناڵەیان دێ گوڵم سوێن بێ

هەتا مردن من شەونمی ناوەکەی تۆم لەدەم نەبڕێ
لەم عیشقەدا من بەرامەی لێوەکەی تۆم لەدەم نەبڕێ

شەرتە ئازیز هەتا مردن بەچاوی تۆ بێمە بینین
دڵ و گیانم ، ژیانم تۆ ، بەچاوی تۆ بێمە بینین

( 73 )

جەژنانە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

گەرچی بەقەد هاژەی بێخاڵ ، هاژەی خوێنمان لەبەر ڕۆیی
وەکو بەهار لەپایزا ، مەوجێ گوڵمان لەبەر ڕۆیی
لەبەر قاپی هەر ماڵێکدا ، بەیداغی ڕەش شین دەگێڕێ
لەبەر لاڕێ ی هەر ڕێ یەکدا ، دڵەی مەحزوون چاو دەگێڕێ
یەکێ بۆ گوڵ ، یەکێ بۆ شەم ، کە مەرگیشیان تاقانەیە
بێ جیاوازی مەرگی هەڵۆ ، کە هەر یەکیان خەرمانەیە
خەڵکە هاوار کێ دیویەتی ، خوێن بەرات و جەژنانە بێ
مەرگی تازە و کاری خۆکوژ ، خۆشەویستی زەمانە بێ
بەڵام هەولێر ، ئەی وڵاتی قەڵا و گڵکەند دڵنیابە
چۆڵت ناکەین ، لەتاریکی ئەو خەیاڵە هەستە ڕابە
سوێن بە سەفین بەهەندرێن ، فەرامۆشت ناکەین هەولێر
خوێنی ڕژاو ، بزەی تۆراو ، هیچ بەهەدەر نابەین هەولێر
تۆ سەرکەش و سەر بڵندی ، لەئاسمانی کوردەواری
خوێنت عیشقە ، عیشقت حەقە ، ئەی گوڵ شاری کوردەواری

( 74 )

رِامان

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

دەمەو مەغریب هەورێك دێت و باران بەچنگ گوڵ دەرِژێنێ
خانمێك دێ و بەهەوری لەش هەم باران و هەم گوڵ دێنێ

من لەنێوان هەردوو لادا ورِدەمێنم ، رِادەمێنم
لەرِێ ی کامدا بسوتێم و وەرزی گەنجیم وا نەبینم

سنگی باران هەڵبژێرم ، یاخود سنگی نارنجی کاڵ
من قوربانی کامیان بم و لەرِێ ی کامدا بدەمە باڵ

ئەی خودایە بگە هانام بووم بەخەڵوز لەم نێوانە
وەکو داری دووکەڵ گرتوو چۆن دەمێنم لەم نێوانە

گوڵ هەناری لەش ئاوێنە ، پەرچەم چەشنی هەتاو کوشتمی
نمەی وردی ناو ئێوارە ، باران بەتاو ، بەناز کوشتمی

ئەی خودایە بگە هانام ، کامیان بۆ من چراخانە ؟
باران یاخود ، چرۆی بەهار ، کامیان بۆ من نیشتمانە ؟

( 75 )

# نزا

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

خۆ تۆ باخی بێ سایە نیت لەگەڵ هەورا دەنگت نەبێ
خۆ تۆ چرای بەرباران نیت لەگەڵ شەوقا دەنگت نەبێ

خۆ تۆ گەڵای هەڵوەریو نیت لەگەڵ بادا یەك نەناسن
خۆ تۆ نوقڵی بێ شیلە نیت لەگەڵ دەم دا یەك نەناسن

ئیدی گوڵم تاقانەکەم ئەم زیز بوونی عیشقە بۆچی ؟
بەخۆڕایی دابڕان و کەنار گرتن بۆ لەسەر چی ؟

گەر خەتایەك لەمن دایە وەکو هاوین بمسوتێنە
وەکو خونچەی تازە بەهار لە با یەکدا بموەرێنە

گەر شەماڵی گوناهێکت لەمن دیوە جێ ی شەرم بێ
یان فێڵێکی وەهات دیوە فتوای مەرگ لەسەرم بێ

هانێ ڕۆحم بمکوژە خۆت ، با گوناهی عەشق بەس بێت
باکەم هەوری نزا بگری و ، با دابڕان ئیتر بەس بێت

( 76 )

باران

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ئەگەر شەوێ پیرە هەورێ دای لەشووشەی پەنجەرەکەت
یان گەر جارێ سێوی باران خۆی کێشایە سێبەرەکەت

جەرگی بابە خونچەی دڵت لەیەك مەنێ و ڕامەمێنە
تۆش وەك هەتاو ماڵی باران لانە ئاونگ مەشێوێنە

ئەو چەخماخەی ساماڵی دڵ دەلەرزێنێ خەمی منە
ئەو بارانەی دووکەڵ دەبا و بەهار دێنێ ئەشکی منە

لەتاو دووریت هەرچی بڵێم وەك گوڵدانی بێ گوڵ وایە
وەك ژووانی دوورە دڵدار وەکو کوانووی بێ گڕ وایە

دەسا ژووان دڵ لەدەوری حەسرەتی تۆ گەڕێ هەردەم
وەکو ڕووبار دڵ لەدەوری شەپۆلی تۆ گەڕێ هەردەم

دەسا ژووان عومرم بۆ تۆ ، شەوی تاریك نەبینی تۆ
دڵ و چاوم لەدەوری تۆ ، شەوی تاریك نەبینی تۆ

( 77 )

## خوێنی سپی

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

چڵێ بزەی باخچەی نیگات هەتاو دێنێ درۆ ناکەم
شەونمێ لەخونچەی چاوت زستان دێنێ درۆ ناکەم

من چیم داوە لەئاوێنە تا گەردنی شووشەی تۆم بێ
بێ مانایە بۆنی عەتر تا هەناسەی ئێوەم هەبێ

شەپۆلی ئاو کوا دەگاتە لەرەو مەوجی ڕۆیشتنی تۆ
نێڵەی ئاگر کوا دەگاتە چرپەیەکی جێ ژووانی تۆ

خودایە تۆ لەئەندێشە بۆ ئەم چرۆ ، چرۆم بەرێ
لەخانەقا و تەکێ ی عەشقا بۆ ئەم گوڵە زکرم بەرێ

لەبالیَ مەل هەلفرِین و لەئاوی شین مرواری شین
لەباخ میوە و لەتۆ ژیان لەخۆشی هەر کەتانی شین

خودایە تۆ خەڵوەتی وا پرِ فریشتەی موحیبەت کە
خوێنی سپی لە عیشقایە ، تۆ تەماشای موحیبەت کە

( 78 )

## چاوەڕوانی

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

بەدووی عیشقی کۆچەرێکدا وا خۆشم بووم بەکۆچەری
هەر وەك وەلی لەکۆڵمایە ، خەمی شەم و دەربەدەری

وەرە گوڵم گوڵ هەناری ، بەری گوڵان نیشتمانم
بەچاوی تۆ من دوور لەتۆ وەك چۆلەکەی بێ زمانم

کەدەتبینم پشکۆی ماچێ بەلێومەوە گەش دەسووتێ
کەلێم دەڕۆی هەر ئێوارە دۆزەخێ لێم هەڵدەتوتێ

من تۆم نەبێ ، چرۆی عەشقم ، عەشقم درۆی زەمانەیە
بەچاوی تۆ پێکەنینم کاولستانە ، وێرانەیە

چۆن بیر دەچن ئەو ساتانەی ، لەجێ ژووانا جۆگەی گرِبووین
لەئارەقا ، لەناو ماچا ، وەکو هەرێز تەڕ و برِ بووین

تۆ سەرنج بە لەگێژەنی چاوەڕوانی بۆ کوێم دەبا
لەتۆ زیاتر من کوێم هەیە ، دەشێ گوڵم بۆ کوێم ببا ؟

( 79 )

## میحراب

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

وا بەفری پیری شاخی گەنجی گرت
تەم و پایز تەم چەمی جوانی گرت
هەڵکە نەرمە بای شادی تۆ تاوێ
بەڕووی خەرمانەی دڵما هەر تاوێ
ئێوە میحراب و ئایندەی منن
مەی و ئاواز مەی بەهاری منن
دەروون بێ ئێوە سەرای وێرانە
سەراپا وەرزی تاریکستانە
یادت وەك سێبەر لێم نابێتەوە
بورکانی عیشقت دانامرێتەوە
هەر زەردەپەڕێ کەدڵ نەتبینێ
سەهۆڵ بەندانە بەگشت یەقینێ
هەستە گوڵە باخ خۆت بنێ کۆشم
با چرۆ بێنێ پایزی هۆشم

( 80 )

## نەسیمی سێو

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

لەناو مەوجی ئاسمانێکدا ، فرِینم تۆخ وەکو قومری
لەناو چاوی سوتانێکدا ، کڵپەم حەسرەت وەکو دووری

دەسووتێم و کەس لەعیشقی ، ئەم سووتانەم حاڵی نابێ
بەکەس _ باز_ی ئەم نهێنی ، خۆڵەمێشەم ماڵی نابێ

دوانزە بەهار بەر لەئێستە ، دڵ چراوگی ناو گوندێك بوو
وەکو شمشاڵ دەست و پەنجەم لەتیرەی ناو نەیجەیەك بوو

لەناو عیشقی نالی یەکدا ، ئاوازم شین بۆ شارەزوور
وەك مەولەوی بەرِووی خاکا بۆسۆم دەهات بۆخەونی دوور

بەڵام ئەفسوس نەسیمی سێو لەمەرگێکدا شینی کردم
وەکو ئەنفال لەوەرزێکدا لێزمەی مەرگ دڵی بردم

لەو رِۆژەوە دیدە کوێرە ، دەم بەژەهرە چۆلەکەی دڵ
چەشنی بولبول بەکوڵ دەگری لەقەفەزی پایزا گوڵ

( 81 )

## پەرچەمی گیا

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

تا مەرگ ڕامنەکێشێ ، دەست لەعیشق هەڵناگرم
هەتا ئاونگ نەڵێ من ، چاو لەهەرێز دانابڕِم

نەتوانیومە وەکو با دوور لەبەژنی گوڵ بژیم
نەدەشتوانم وەکو ئاو بێ پەرچەمی گیا بژیم

نەڵێم چوو وە ڕۆژگارێ ، وەك دەروێشی بێ تەکێ
نەڵێم دەڕوا شەوانێ ، کە ڕۆحم دابچڵەکێ

من تا هەمێ ئەشکی سوور ، وەك گێلاسی ناو سێبەر
یا فڕینی جووتێ باڵ ، وەك کۆتری نامەبەر

دەبێ لەڕێ ی شەوێکتا ، وەك مانگە شەو بسوتێم
بەدیار خونچەی لێوتەوە ، هەروەك شەونم هەڵتووتێم

( 82 )

بەراورد

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

من کە شیعرێ بەئاسمانی بەر گوێتاندا هەڵدەفرێنم
یان کەجارێ من مێوژی خۆشەویستیم دەپژێنم
خەنی نەبن وا نەزانن بەلەمێکی گێژەن بردووم
یان کۆتەرەی ژێر باران و قەڵەمێکی کەرِو گرتووم
ئاشنایەتیم سەر شاخێکە و هەر لەوێوە دەتانبینم
تەماشاکەن خوێن و دزی بۆ مێژوویەك دەتاندوێنم
بەراورد کەن هەتا ئێستەش هەروەك یەکن رِەش و سپی
هەڵۆ و قاژوو لەماڵێکدان وەك دوو دێرِی رِەش و سپی
ئەوی دوێنێ وەك دار بەرِوو ، سەنگەری چۆڵ نەدەکرد
گوللەش وەکو باران بوایە ئەو وولاتی چۆڵ نەدەکرد
ئێستاکە ئەم ئاوازێکە و لەگەروودا قەتیس ماوە
وەکو نێرگز لەبەهار و ئەشك لەچاو بەجێ ماوە
ئەوی دوێنێ دار ئابرِووی سەدان شۆخی دادەپاچی
ئەمرِۆکە ئەو فەرمان رِەوا ، دەمە زەردە بێڵ و پاچی

( 83 )

## غەریبیتان دەکەم

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

بەقەد پەلك و گەڵای داران ، غەریبیتان دەکەم یاران
بەقەد خاك و کوچەی شاران ، غەریبیتان دەکەم یاران

هەر هەمووتان لەبیرم دان ، خاکە لێوی گوڵن بۆ من
هەر هەمووتان هاژەی خوێنن ، یەکە یەکە دڵن بۆ من

سپیدان زوو ، ئێواران دێر ، دەرِواننە گەرِاننەوەم
بەلێوی وەك خوێن و شەکر ، دێنە سەر رێ ی سەردانەوەم

خۆزگەتانە ، خۆزگەمانە ، هەناسەمان بەیەك بەخشین
لەنزیك رِا ، ئەزیزانم ، لەحاڵی یەك ، لەیەك پرسین

کەهاتمەوە لەمن باخچەی پرِ لەمەلی شیعر و جوانی
لەئێوەش هەر هاوەڵانم ، سێبەرێ لەتاسە و جوانی

کەهاتمەوە بە مێخەك و و بۆنی ووڵات ، بۆن خۆشم کەن
وەك تازە یار ، توخوا یاران ، بەئەوینتان سەرخۆشم کەن

( 84 )

دەبمگەرێ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

خونچەیەك لەو لێوانە ، هەزار باخە گوڵی شیعرە
گەرمایيەك لەو دەستانە ، هەزار کوانووی لێو بەگڕە

دەبمگەرێ هەتا ژووان پڕ پەپوولەی ئارەزوو وە
تا مانگە شەو ، بەشەو دەڵێ : لێیان گەڕێ هێشتا زووە

با ئەوەندە لەیەك بخۆن ، تا تەنیایی چاخێ دەبەن
هێندە بۆنی یەکتر بکەن ، تا بەرزایی شاخێ دەبەن

دەبمگەرێ هەتا ژووان ، نیشتمانی پەری و سیحرە
باران بۆ گوڵ ، دەس بۆ یەخە .. هەتا ژووان چەمی میهرە

با ئەوەندە لەیەك بخۆین ، هەتا جوانی ئێوارە دێ
وەك پەروانە و گوڵ پەروانە ، هەتا جوانی ئێوارە دێ

دەبمگەرێ هەتا ژووان ، تێراو مەلە لەدەورمان
تا چەمی نوور بەهاژەیە ، لەرِۆشنایی ئەمجارەمان

( 85 )

## من چیم هەیە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

نوێژی عیشقم بەسەر ناچێ ، چۆن چاوەکەت قیبلەی دڵمَە
گەڵای لاویم هەڵناوەرێ ، چۆن دڵەکەت وەرزی دڵمە

چۆن دەتوانم دەسبەرداری ، دڵەکەت بم کە ئەو دڵمَە
دەسبەرداری هەناسەت بم ، کەهەناسە و پەڕەی گوڵمَە

ئارەزوومە ڕۆژی سەد جار ، بۆت بنووسم بۆت بنووسم
لەگەڵ یەك بین ، دوور لەیەك بین ، خەیاڵیش بێ ڕاِت بمووسم

ئارەزوومە سنەوبەری بەژن و باڵات لەجوانی نێم
باخچەی باڵات خونچە خونچە ، لەباران و لە جوانی نێم

من چیم هەیە چرۆی سەوزی ، زەردەخەنەی ئێوە نەبێ
سێوە شیعری جوانی نەبێ ، من چیم هەیە ئێوە نەبێ

( 86 )

رِازی نابم

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

رِازی نابم گەر بارانی خۆشەویستیت نەمنێتە ئاو
چەشنی برژانگ لەپێڵودا ، شەتڵم نەکەی نەمنێتە چاو

رِازی نابم گەر شەوانم پر لەنووری شیعر نەکەی
بۆ سەفەری خەوێکی قوڵ هێور هێور بەرِێم نەکەی

من وەختانێ هەتاوی تۆم دێتە ناو دڵ بمسوتێنێ
ئەوینی تۆم کاتێ دەوێ سەروی باڵام بهەژێنێ

من وەختانێ کوانووی وەفام لاشیرینە پر پشکۆ بێ
لەناو سۆزا دڵەکەی من هەر تاقانە و بەشکۆ بێ

گەر دەتوانی مەرجەکانی خۆشەویستیم قبوڵ فەرمووی
ها ئێوارە و ها دڵ و چاو ، قوربانت بێ خوێنم هەمووی

( 87 )

## کاڵ بوونەوە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ئێستەش تینوی ئەو شەقامەم ، ناز و عیشقی پێ دەبەخشین
لەگەڵ وەرزا ئەو نێرگز و ، زەردەخەنەی پێ دەبەخشین

بەڵام گوڵم کە شەونم چوو ، سپێدە گوڵ ، بۆ بسووتێ
کە دڵ بزەی مەیلی تۆرا ، پەروانە بۆ هەر بسورِێ

جەخار ئەوسا وەکو باران ، لێزمەت دەکرد بەناو عەشقا
وەك ئێوارە بەرِووی مەلا ، باخی رِەنگ بووی لەناو عەشقا

جەخار ئێستەش بزەت نەما ، وەك هەتاوی بەر هەوری تاڵ
دوا گوڵدانی جوانیت شکان ، خۆشەویستیت نایە ژێر چاڵ

لەگەڵ عەشقا بووی بەهەڵم و هەموو گەنجیت نایە لاوە
وەکو چرای دەم بەدووکەڵ ، هەموو نوورت نایە لاوە

( 88 )

## خەیاڵ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی
وتنی : هوشیار حەمە فەرەج

ساقی دەخیلتم پیاڵەکەم پڕکە
لەڕێ ی مەیخانە لەمەی تێرم کە
با ئەمشەو پیاڵەی خاڵی نەبینم
پەلکە زێڕینەی خەیاڵ بفرێنم
تاوێ بچمەوە دییەنی ووڵات
ئێوارەی ئەوێ و عەشقی وەك نەبات
دەسا ئەی یاران جەم بن ڕەفیقان
با زڕەی پێکمان بگاتە بەیان
پیاڵەتان لێك بەن خۆش مەستی بێنن
بەڕۆح بەهاری خەیاڵێ بێنن
خەیالێك وەرزی بزە و سۆما بێ
پرتەقاڵی خۆر لەناو چەما بێ
با مەزەشمان هەر لیمۆی عەشق بێ
جار جار ئاواز و گوڵە شیعر بێ

( 89 )

## سایە سەوزان

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

کەی ڕەوایە لەناو عیشقا ، جامی ژەهر بەیەك بەخشین
وەکو ماسی ڕۆژە لافاو ، ژاڵە و ژەهر بەیەك بەخشین

کەی ڕەوایە کەتانی سوور لەسەر شانی جوانی داگرین
وەکو بارەش بزەی گەڵا و بزەی لالە لەئاو بگرین

نانا گوڵم عیشق وەختێ ، لەبەر دڵە خوێن نەیگرێ
وەك هەناری سایە سەوزان ، کزەی پەنجە نەی بردبێ

هەرچەند ئێمە موحیبەتمان ، لەبەهاریش سەوزترە
دڵی هیوا و ئومێدیشمان ، لەشارای گوڵ ڕەنگین ترە

بەڵام شۆخە لەخەو ڕابوون ، نوێژی عەشقە گەر نازانی
جوانی هزرە لەبەهاری خۆشەویستی ، گەر نازانی

( 90 )

## ماڵی ئەندێشە

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

تۆ بەچاوی مانگ ، شەوە چۆڵەکان دەدوێنی
بەهەناسەی با ، لاولاوی عیشق دەدوێنی
تۆ ئەگەر ئاگر ، خەرمانەی جوانیت پێ نەدا
سنەوبەر باڵا و ، بەفر پرووشەت پێ نەدا
یان ئەگەر لەزەت ، چرای ئارەزووت هەڵنەکا
دێراوی گوڵ و ، جۆگەی هەناسەت پڕ نەکا
تۆ ئێستە هەوری ئەم شۆخە عیشقە نەدەبووی
وەك هەرێزی شین پڕ مەیلی ئاونگ نەدەبووی
منیش گەر سایەی گێلاسی شیعر نەبوایە
یان مەڵۆی خەون و ماڵی ئەندێشە نەبوایە
ئێستە نەدەنگم دەبوو بە ئاواز ، نەعیشقم
نەئەم غوربەتەم دەبوو بەچیرۆك ، نەعیشقم
کەوابوو گوڵم هەردوو سێبەری باخێکین
وەك دوو دڵۆپە خەڵکی وڵاتی چاوێکین

( 91 )

## گەر دەتەوێ

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

من پێت ناڵێم : عاشقم بە ، چونکە عیشق ئاسان نی یە
دەستورێکە لە باران و ، ئەویش هەروا ئاسان نی یە

من پێت ناڵێم : هۆگرم بە ، گەر هۆگری گوڵ نەبوو بی
لەخەیاڵتا ، ئەستێرە بم ، ئەگەر جارێ گوڵ نەبوو بی

نا گوڵەباخ ، من پێت ناڵێم : بانگی عەشق لەسنگتا بێ
دوو شەمامەی ، توخمی ئاگر ، بۆ دەستی من لەدەستا بێ

نا گوڵەباخ ، وەختێ دەڵێم : بارانم بە ، لەئاوم نێ
وەك فرمێسکی نیوە شەوی خۆشەویستی لەچاوم نێ

گەر دەتەوێ هۆگرم بی .. هۆگرت بم هەتاکو سەر
لەگەڵ منا بەدڵ بۆنی .. چرۆ بکە هەتاکو سەر

هیچ زمانێ ، وەك زمانم .. گوڵ ناهێنێ ڕاستت دەوێ
هیچ ڕاوچیەك ، وەك زمانم .. ڕاو ناهێنێ ڕاستت دەوێ

( 92 )

## تا ون دەبی

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

چڵە گوڵێ دەهاویتە ناو ڕووباری سەرو قژت
هەر بەو گوڵە گڕم دەدەی چۆن بگەمە سەرو قژت

نەك تەنیا من لەڕێ و بانیش ، عاشقە ڕێبوار دەسوتێنی
دڵی لاوی خەیاڵاتی ، وەك وەنەوشە دەبرژێنی

هەریەکەمان بەهەزار ناز ، بزەی لێوت لێ دەسێنین
دەمرین هەتا پێکەنینێ ، نیگایەکت لێ دەبینین

بەناز دەڕۆی لەجێ پێتا ، گەڵای جوانی دەچنینەوە
بەدوای عەتری هەناسەتا ، بەرەو گەنجی دەشنێنەوە

تۆ دەڕۆیت و ئێمەش هەر دێین ، تا وون دەبی هەر بەهیوایین
ئەی خوێن گەرم ، ئەی خۆرەتاو ، تا وون دەبی هەر بەهیوایین

( 93 )

## پێشوازی

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

لەپێشوازی ئەمجارەتا ، چ گوڵێکت بۆ بهێنم ؟
کەشایستەی جوانی تۆ بێ ، چ ڕەنگێکت بۆ بهێنم ؟

.. گوڵێ ، هەر خۆت بڵێ حەزت لەکام گوڵە
کەمێ بۆنی سینەت خۆش کاو چرۆی حەز بێ ، بۆ ئەم دڵە

دەپێم بڵێ : ئەمجارە من ، چ شیعرێکت بۆ بهێنم ؟
تاجە گوڵی سەرسەرت بێ و بەچ وەرزێ بۆت بهێنم ؟

تۆ نازانی چەند دڵخۆشم ، کەدڵ ئاڵە بەهاتنت
ئەم ڕۆژانەم چ ڕەنگینن ، کەدڵ مەستە بەهاتنت

چاوەڕێتم ئەی چارە خەم ، ئەی سەوزتر لەبەهاراو
زوو بمگەیێ و دڵم پڕکەی لەخەندەی گوڵ ، لەباراناو

زوو وەرە زوو با ئەمجارەش ، شێن کەینەوە خۆشەویستی
تا دەگەینە شیرین ترین حیکایەتی خۆشەویستی

( 94 )

## چی بکەم

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

دڵت بردو ، گوڵت کردو ، منت بۆ خەم لێرە دانا
چاوت بردو ، سێوت کردو ، منت بۆ خەم لێرە دانا

من لێرە بم یان لەلای تۆ ، کوانووی گەرمم هەر دەسوتێم
بەئاگری خونچە کچان ، بەعیشقی وان هەر دەبرژێم

من لێرە بم ، یان لەلای تۆ ، هەر ڕوباری عیشقە دڵم
غەریبە بم یان لە ووڵات ، هەر بەهاری عیشقە دڵم

منێك بۆ دڵ ، سێوی دڵم ، بداتە گوڵ هەر جوانی یە
لەڕێ ی شیعرا ، بوکی قەڵەم ، باتە گریان هەر جوانی یە

گەرچی جوانی لەجوانیتا ، شەرمەزار بوو بەڵام چی بکەم
کەجێت هێشتم جگە شیعرێ ، هەر خۆت بڵێ ، گوڵم چی بکەم ؟

( 95 )

سەرنج

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

.. ئازیز بەهاری دڵەکەم هەر تۆی
.. خونچە و خوناوی باخەکەم هەر تۆی
.. هەتاوی ژووری زستانم هەر تۆی
.. پایزان خورِەی گوڵەکەم هەر تۆی
.. شەوان خەرمانەم هەروا بەتۆوە
.. چاوی ئایندەم هەروا بەتۆوە
.. تۆ ئاسودەیی تەمەنی جوانیم
.. شینایی باخی ئومێد و جوانیم
.. دەسا دەخیلم سەرنجێك بەخشە
.. بەماڵی چۆڵم بزەیەك بەخشە
.. چاوانم پرِکە لەنیگای رِۆشن
.. بامن دابرِێم لەوەرزی خۆ رِن
.. دەی دەخیلتم میهرێ بنوێنە
.. سەرما بردەڵەم تینێك بهێنە
.. بەڵام هەر تینێ تەمەن بکوڵێنێ
.. نەك دوربا تینێ سەرما بهێنێ

( 96 )

## هەناری بەهەشت

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

بەگۆشەی چاوی مەخمورت ، لەزِیندانی عیشقت کردم
بەیەك بزەی رِوومەتی چاڵ ، تۆ بەمەحفی دنیات کردم

گرِت بەردا لەجەستەم و ، دوورە عیلاج بەجێت هێشتم
من بەسووتوی ئەوینت بم ، ئەگەر چی تۆ بەجێت هێشتم

شەرتە پاکی هەموو عومرم ، هەر ئاوابێ بەوەفا بێ
هەتا رِۆژی مردن ئەمن ، دڵەکەم هەر بەوەفا بێ

دەبێ نمرەی وەفاداریم ، لەهەزاریش ئەولا تر بێ
دوا بڵێسەی عیشقم بۆ تۆ ، لەدۆزەخیش ئەولا تر بێ

کەمن شنەی ئێوەم هەبێ ، لەبیانووی بەهەشتم چی
کەمن سێوی ئێوەم هەبێ ، لەهەناری بەهەشتم چی

(97)

## تەم

شیعری :ئیسماعیل خورماڵی

ئەزیزم کەمن دڵم دا بەتۆ
تاجی ووڵاتی عەشقم دا بەتۆ
کەمن دوا سێوی جوانیم پێ بەخشیت
بروا و یەقینم تەواو پێ بەخشیت
ووتم ئەستێرە کەوتە ئاسمانم
ڕۆشنایی کەوتە نیوە شەوانم
ئیتر تەنیایی لەماڵم دەبڕێ
پایز لە ڕۆح و لە ساڵم دەبڕێ
ووتم دەرژێمە ناو کامەرانی
ووشک دەهێنێ حوزنی گۆرانی
بەڵام داخەکەم بۆ بێ بەڵێنت
بۆ ڕۆژگارەکەی پڕ لەنهێنیت
ڕۆژی خەیاڵم تەمی داهێنا
دیسان دابڕان عەزابی هێنا

( 98 )

## جوانی

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

شمشاڵی شوشەن پەنجەکانی تۆ
لاسکی وەنەوشەن پەنجەکانی تۆ

گەرووت گوڵدانی مێخەك و سۆزە
سینەت لەگوڵا ، بەهاری سۆزە

نازو لەنجەکەت ، مۆسیقای ئاوە
هەتاوی نیگات ، ڕِۆشنای چاوە

چپەت گەرمایی ، ئاگرە ئاگر
گۆشەی چاوەکەت ، ئاگرە ئاگر

لەئاست جوانیتا ، دڵ هەرچەن بڵێ
ناگاتە جوانیت ، سەد شیعر بڵێ

( 99 )

## ڕەنگە ئازیز

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ڕەنگە ئازیز من نەگەمە ئەو دیدارە و دڵ بوەستێ
هەروەك یەكێ لەوەرزەكان ، منیش ڕەنگم زوو بەسەر چێ
ڕەنگە ئازیز پێچەوانەش ، دڵ ببێتە باخچەی گوڵان
پایزم بێ بە بەهار و ، دڵ ببێتە بوكی دڵان
گەر نەمردم وای لەو ساتەی ، سایەی ژووان دەبێ بەگوڵ
دڵمان دەبێ بەئەستێرە و ، ئاسمانیش هەر بەباخێ گوڵ
گەر نەمردم وای لەو ساتەی ، وەك پەژ و پۆی پیرە دارێ
باوەش دەكەین بەیەكتردا و ، هەزار هەزار گوڵ دەبارێ
هەزار هەزار ماچ دەبارێ
گەر نەمردم لەناو ماچا ، دەتبەمە ناو دنیایە تر
وەك پیانۆ گەرووم دەكەم ، بەگوڵ ئاوی دەریایە تر
بەخێر هاتی ئەی كازیوە ، ئەی تاقانە تەڵای خوایی
بەخێر هاتی ئەی خۆرنشین ، ئەی تاقانە شیعری خوایی
ئەی تاقانە چرۆی خوایی

( 100 )

## لێت نابمەوە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

هەزار جاریش دەرم بکەی ، خۆشم دەوێ ی بەرەو ڕووت دێم
بمسوتێنی ، بموەرێنی ، لەڕێ ی عیشقا بەرەو ڕووت دێم

پەڕ پەڕم کەی وەکو نێرگز ، بەڕەشەبای توڕە بوونت
لەمەرگیشدا هەڵدەسمەوە ، لەڕێت نارۆم بەرەو ڕووت دێم

ئەوینی من گەرد و تۆزی ، سەر پەنجەرەی ڕۆژگار نی یە
لەت لەتم کەی ، لەخوێنم نێ ، ئاواش گوڵم بەرەو ڕووت دێم

بچیە ئاسمان ، لێت نابمەوە ، خۆت بەچاوان بانگت کردم
خۆ گەر باڵم قەرز کردبێ ، بۆ کوێ بڕۆی بەرەو ڕووت دێم

خەتای خۆت بوو ، زوو پێم ووتی ، بەس بەنیگا بمسوتێنە
کە گڕم گرت دانامرکێم ، لەهەر کوێ بی بەرەو ڕووت دێم

ئێستەش گوڵم لەمن نارۆی ، لەهەر کوێ بی لەسێبەرتام
لێشم دوور بی لەسەر پشتی ، شیعرەکانم بەرەو ڕووت دێم

( 101 )

## کۆتری زەردەخەنە

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

یەکەم نیگا ، چرۆی شەرم و ، چرۆی ناز بووی کە دەترِوانی
هەر لەخۆوە ، چاوەکانت لێوان دەبوو لەگۆرانی

دووەم نیگا ، کۆترێکی زەردەخەنەت بۆ ئەفرِاندم
بەو بزەیە تێ دەگەشتم ، گوڵی عەشقت بۆ ئەچاندم

بەڵام ئازیز وەختێ دیدار ، بردینیە ناو جێ ژووانەوە
لەناو عیشقا دەمی تینوو ، بردینیە ناو سوتانەوە

من پێم ووتی : چ زوو ئازیز رِژامە نێو چاوانتەوە
ناوەکەم بوو بەشیرینی و ، رِژایە نێو لێوانتەوە

تۆش پێت ووتم : چ زوو ئازیز بووی بەوەرزی بەهاری دڵ
خۆشەویستیت دایە لێزمە و ، هاتیتە بەر دەروازەی دڵ

دوا جار هەردوو بەیەکەوە ، گوڵە ماچمان دەگرتە یەك
وەك ئاوی شین لەرِۆخانە ، چاوی ماچمان ئەدایە یەك

( 102 )

## سەرە مەرگ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

لەمەرگیشدا دڵ بەنیگای ئەو چاوانەت دەژێتەوە
بەستەڵەکی سەرە مەرگم هەر بەو خۆرە دەتوێتەوە

دڵ کەلێوی لەخوێن دابێ بۆچی عیشق لەخەودا بێ
کە بانەمەڕلە گوڵ دابێ بۆچی عیشق لەشەودا بێ

نا باوانم بەئاونگی پڕلەشیلەی چاوت سوێند بێ
بەو حەزانەی لەناو لەشتا شەلالی خوان گوڵم سوێند بێ

هەتا مردن من شەونمی ناوەکەی تۆم لەدەم نەبڕێ
لەناو گوڵا من بەرامەی لێوەکەی تۆم لەدەم نەبڕێ

هەتا مردن چاوەکانم بەچاوی تۆ بێنە بینین
دڵ و چاوم بەچاوی تۆ بێنە بزە بێنە بینین

( 103)

## ڕووباری شیعر

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی '

بەرلەماچێ وەك پەروانە ، دێنە فڕین برژانگی شین
بە _ با _ی نازێ ، پێکەنینێ ، نیگات دەبێ بەباخی شین

لەناو ڕەنگی لێوەکانتا ، خۆم دەبینم چۆن دەسوتێم
لەپەرچەمتا چلاَ و چڵمە ، پەروانەم و لە فڕینم

دەسا ئەی یار ، توو نازی شەو مانگی خۆتم لێ وون مەکە
بەپروشەی پەرچەمی لوول ، لاڕێ ی نیگام لێ وون مەکە

تا بتوانم لەناو چاوی ، بەستەیەکدا بەهار بێنم
لەگوێ چەمی جوانیەکدا ، من نازی گوڵ بە گوڵ بێنم

دەسا ئەی ناز نازی نازناز ، ئاگرێکی وام گرتووە
گەر تۆفانی نازت نەبێ ، بێشك ڕۆحم لەدەست چووە

( 104 )

## شورای گوڵ

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

ئەی مێوەخان هێشووی ماچی ئەو لێوانە لەمن مەبڕە
ئەی مێوەخان خۆرەتاوی ئەو چاوانە لەمن مەبڕە

خۆت دەزانی من بەبێ تۆ ، شەختە بەندە خاکی دڵم
ئەگەر ڕۆژێ چاو نەتبینێ ، کوانووی ساردە ڕۆح و دڵم

خۆت دەزانی چەند هۆگری چپە و ڕازی هەمیشەتم
چەند هەڵوەدای بەهاری لەش ، گوڵ بە گوڵی هەمیشەتم

خۆ گوناهە لە عیشقێ بم ، بەڵام تاوێ ئاوم نەدا
لەخاکێ بم بەڵام وەفای ، هەتاوێ بەچاوم نەدا

دەمم کوانووی بەپشکۆیە گوناهە بۆ ، بەدوکەڵ چێ
شورای گوڵە ئەو بەژنەی تۆش ، خۆ گوناهە بۆ بەچڵ چێ

( 105 )

## پەشیمانم

ئیسماعیل خورماڵی :شیعری

گەر دەمزانی بێ فرِینە ئاسمانی تۆ چۆن دەهاتم
بێ پەروانە و بێ بەهارە زەمانی تۆ چۆن دەهاتم

گەر دەمزانی جەهەنەمە ناسینی تۆ چۆن دەهاتم
یەکەم رِۆژی خەزەڵوەرە خاوێنی تۆ چۆن دەهاتم

من کە هاتم وەکو ماسی تۆم بەئاوی رِۆشن زانی
وەك رِیحانەی گۆلی وەفا تۆم بەماڵی عەتر زانی

من کە هاتم بەپەیامی عیشقێکەوە سەرم هێنا
وەکو باران بەدوا نامەی دڵۆپەوە سەرم هێنا

لێ مەخابن دۆستی ئاگر هەڵە کەوتمە داوی عیشقت
وەکو بەفر هەر بەهەڵە باریمە سەر کێوی عیشقت

ئەوا ئێستەش پەشیمانم لەو شیعرانەی بەتۆم بەخشین
لەهەنگوینی ئەو ماچانەی ئێوارانێ بەتۆم بەخشین

( 106 )

## تۆ پێت ووتم

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

تۆ پێت ووتم ماڵی دڵت تاریك مەكە بۆ تۆ ئەبم
بەیاڵی ژین رِێ ی ئومێدت باریك مەكە بۆ تۆ دەبم

تۆ پێت ووتم چرای نیگات خامۆش مەكە بۆ تۆ دەبم
دڵت مەكە بەژێر مەوجی رِامانەوە بۆ تۆ دەبم

چەندین ساڵە ئەمسوتێنی و هەر بۆ خۆشت باران دێنی
ئەی بێ مروەت ئەمخنكێنی و دوا جاریش خۆت قەیاغ دێنی

ئەوی ووتت بە بارانی بەهار رِۆیی زوو ووشكی كرد
هەر بەگەرمی هەتاو رِۆیی لەزستانا زوو ووشكی كرد

هەتا ئێستا بەوەفاوە پەیامێكت رِانەبوری
لەقرچەدا نەبووی بەماڵ بەسێبەرێ لە سەبوری

دوا جار ئازیز چیت پێ بڵێم كە تۆ وەفات لانەماوە
هەرچی ماڵی عیشقت هەیە بەسەر یەكا دارِووخاوە

( 107 )

## ووردیلەکان

شیعری : ئیسماعیل خورماڵی

هۆ منالّی ڕەش و ڕووتی ئاوارەی ژێر دەواری شڕ
هۆ ئازاری کەڵەگەت تر لەدۆزەخی ووڵاتی گڕ

لەتەك سەرمای پیرە زستان لەگەڵتانم ووردیلەکان
لەتەك سکی برسیتانا لەگەڵتانم ووردیلەکان

لەگەڵتانم کە هەنگاوتان لارێ لارێ گوڕی دەوێ
کە گەرووتان پێکەنینی لەقەڵبەزە و تاڤگە دەوێ

لەگەڵتانا پێ خاوسم وەك پێ ی بەفر لەزستانا
لەگەڵتانا لەسوتانم وەك دوو پێ ی بەرد لەهاوینا

لەم دوورەوە هۆ منالآن بەمیوانی دوا یەکتان بم
بەخەرمەنی حەسرەتەوە بەحەیرانی دوا یەکتان بم

لەکوێستان بن یان لەگەرمیان سینەم گڕو بەفرە بۆتان
لەهەر کوێ بن ووردیلەکان پڕ دوکەڵە دڵم بۆتان

ئێوارەی زەرد

ئیسماعیل خورماڵی

دیسان غوربەت چاوی بردم بەگریان
وەک با گەڵای بردم بە تۆف وزریان
وەرن یاران سەیری حاڵی عیشقم کەن
تەواشای کۆتەڵی شەنس و بەختم کەن
لەسەر تا پێ ئەزام غرقی حەسرەتە
نەسیمی کێوی دڵ ژەهراوی مەینەتە
ئەویش بۆمن بەحرێ جەفاز هەڵبژارد

لەو ڕۆژەوەی کە جێت هێشتووم..
ئاگر سەرو دڵی گرتووم ،
نە بزەیەک بە لێوما دێ و ..
نە چرایەک ..نە نەختێ نوور بە ماڵما دێ!
کە تۆ ڕۆشتی وەکو پایز ..
ئێوارەی زەرد هەڵیگرتم ،
گەڵا ڕێزان کەوتە چۆپی و
خەمی فیراق..بە ئەسیری حوزنی بردم !
کە تۆ ڕۆشتی ئەی بێ وەفا..
هەمووشتێ لەمن گۆڕا ،
لە پێ دەشتی ئاهەنگمەوە
هەتا خەیاڵ ئەویش گۆڕا !
ئیتر دەبێ لەدووای کۆچت ..

مەلی بزەم چۆن هەڵفڕێ ،
لەنێو بەفری یادە گەرمەکانتا
جەفا..وەفا ..چۆن هەڵگرێ !
من تێناگەم تۆ چۆن توانیت بە جێم بێڵی ..
لەناو ژەهری فیراقا وا بەجێم بێڵی ..
هەتائێستاش کە دەمبینی فەرامۆشم ،
دوورە چاوی مەستانەتە هەر پەرۆشم !
بەڵێ ئەی یار ..پەرۆشم تا دڵ حەز کا ..
عەواڵی هەوالێکم .. تا دڵ حەز کا ..
بە مردنیش لەبیری من دەرناچی تۆ ..
هەڵۆ ش خۆ لەمن ناڕۆی ..هەڵنافڕی تۆ !!

## هۆ کوردوستان

ئیسماعیل خورمالی

هۆ کوردوستان هۆ کوردوستان
هۆ ووڵاتی بڕوا و ئیمان
هۆ کوردستان هۆ کوردستان
هۆبازەکای بە خوێن خەڵتان
سەدان ساڵە چەتە ودوژمن
دەم لە خوێنت هەڵدەژەنن
بەڵام هەرگیز ئاسکی زامار
تۆ بەمۆڕە نا چیتە بار
چووار ماڵەی تۆ قەڵای ئاسن
لوتکەی ڕەوەز جێگەی باسن
قەڵات قەڵای هەولێری زاڵ
هەزار زوحاک دەنێنە چاڵ
تۆ بڕوانە لە مهباد
لە چووار چرای هاوارو داد
لە ماردینی جگەر خوێنا
لە قامیشلی تۆڵە وسوێنا
لە بابان و بادینانا
لە کەرکوکی نەوت و نانا
گڕکانی تۆ چۆن دەسوتێ
ڕەقیبی تۆ چۆن دەلووریێ

## نامه

**ئیسماعیل خورماڵی**

**ئەوا هەمدیسان هاتمەوە لاتان**

نامەی غەریبیم هێناوە بۆتان

نامەم پەیامی ساڵی تازەیە

دەشتی بەهارم و گوڵجاڕم پێ یە

لەتەک خەمتانا خەنەی خەم دەگرم

لەتەک خۆشیتان سەرچۆپی دەگرم

دەمی سووتان وناڵەی هاوارتان

گەرووم کانیلەی سۆزو ئاوازتان

ڕەفیقان منیش هەر لەخۆتانم

پشکۆی ئاگرم و ماڵ لە هیجرانم

ئیستاکەش وەکو شەوانی بەرات

دڵەکەم پڕە لە گەزۆی وولات

یاران هەمووتان بڵێن بە خیر بێ ی

شەمی دێوانە بە ماچ و گرپێ ی

ئادەی هەڵکەبای نەرمە گۆرانی

با بروسکە با ئێوارەی جوانی

# تاڵان

**ئیسماعیل خورماڵی**

وای بێوەفا وای بێوەفا
چ تاقانەی تۆ لە جەفا
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەمسوتینی
وەک گوڵ  بە با دەموەرێنی
لەپەناوە گەنجیم دەبەی
بزەو خوێنم تاڵان دەکەی
ئاخربڵێ دۆستی دوژمن
حاسڵاتت لەمەرگی من
خۆبمکوژی و نەمکوژی تۆ
لەشیعرامن دێمە ڕێ ی تۆ
شیعریش خوێنی دڵدارانە
هەسارەی نیوەشەویانە
ئیترزاڵم لەقەتڵت چی
لەمەرگی من لە خوینت چی
من بازێکم پێت ناگیرێم
من شاخێکم پێت ناڕوخیم

## گەمەی پیری

ئیسماعیل خورماڵی

والەساراو دەشتی عومرائەسپی پیری دەحیلێنێ
خۆش لە پایز کە بەهارم گرەوی خۆی دەدۆڕێنی
تەمەن دەڕواو ڕۆژەکانم لە پەناوە تێدەپەڕن
چەشنی نیرگز بە کزەی با وەرزەکانم هەڵدەوەرن
بێن تەواشاتەرمی جوانیم لەسەرشانی ئەشکی سوورە
بەهارم چوو لێوم گۆڕی زەردەخەنە و بزەی دوورە
بێن تەواشای تەنیایم کەن ،لە تەنیایی ئەرخەوانا
دار هەناری فەرامۆشم لە بەردەستی باخەوانا
وەڵێ یاران لە پیربوونم ڕامەمێنن دامەمێنن
چەشنی هەوری هەوەڵ پەڵە دەغڵ و جاڕم دامەڕێژن
من شۆخیم کرد هەتاپیر چم ،تەمەنم کاڵ دەبێتەوە
هەتا هەڵچم ڕەنگەکانم ،سەرچۆپی ڕەنگ دەگرنەوە
دەسا یاران بەشۆخی من باوەڕمەکەن پیری کوانێ
لەناو خاکی بانەمەڕا ،سوپای پایز جەوری کوانێ

## **بڕۆ ئیتر**

**ئیسماعیل خورماڵی**

من کە عومری جوانی و گەنجیم بە تۆ بەخشی مناڵ نەبووم
لە ئێوارەی تەنیایدا ، بەدمەست نەبووم خەیاڵ نەبووم
من کە غەوری ئەوینت بووم خۆ باڵندەی بێ ماڵ نەبووم
**پرتەقاڵی دار هەتاوی ناو بەفرەکەی مەغریب نەبووم**
من کە هاتم پەیامێک بووم ، لە کانیلە ڕۆشنتر بووم
وەک پەروانە لە ودیو بەهار بێ زمان و غەریب تر بووم
بەڵام حەیف و هەزار حەیف تۆ سێبەرت دڕک و خار بوو
ئەوین لای تۆ هەر درۆ بوو، بیابانی پڕلە مار بوو
بڕۆ ئیتر تازە هەرگیز سێوی دڵم نادەم بە تۆ
هەرگیز مەلی خۆشەویستیم نا فڕێنمە ناو باخچەکەی تۆ
بڕۆ ئیتر جارێکی تر تۆ بەنەرمی نامبینییەوە
من بەفر بم ، تۆ خۆرەتاو ، هەردەبێ تۆ بتوێتەوە